

# چی لە عێراق روودەدات؟

## توندوتیژیی سیاسی و وەهمی بنیادنانی دەوڵەتێکی مۆدێرن



ئاخۆ چیم پێ دەکرێ
لە رۆژگاری ژیانمدا بیکەم؟

فەیلەسوفی هاوچەرخی ئەڵمانی یۆرگن هابرماس ( لەدایکبووی ١٩٢٩)



ئاخۆ مرۆڤ لە رۆژگاری ژیانی
خۆیدا دەتوانێت چی بکات؟

نووسەری شانۆی سویسری (١٩١١-١٩٩١)



پ.د. شێرزاد نەجارٍ

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی



## (١)
## بەرایی

ئەم توێژینەوەیە شرۆڤەکارییەکی گشتگیر نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە پەرەسەندنەکانی ئێستای ناوچەکە، بە مەبەستی جارێکی دیکەی تێگەیشتن و سەرلەنوێ دارشتنەوەی لە رووی چەمکەوە، بەتایبەتیش وا دیارە کە ئەو شتەی دەیزانین، یان پێمانوایە دەیزانین، بەهاکەی لەدەستداوەو بەرەو کۆتایی چووە.

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووبەڕووی گۆڕانکاریی بوونگەرایی گەورە بۆتەوە، ئەمەش بەو مانایەی کە هەڵوەشاندنەوەو هەرەسهێنانی رژێم بوونیان هەیە هەر لە دوای کۆتایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تاکو ئێستا، چونکە دەبینین کە سنووری هەندێ دەوڵەتی ناوچەکە گرنگیی خۆیان لەدەست دەدەن و گرووپگەلێکی خاوەن هەژموونی تازە دێنەئاراوە، ململانێیەکانی دەوڵەت و نەتەوە سنوورەکانیان بڕیوەو تێکچرژاون، لێرەدا دیاردەیەکی تازەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەدردەکەوێت: هێزە گەورە نێودەوڵەتییەکان بەپێچەوانەی ئەوەی لەوەتەی سەدەیەکە باوبووە، حەزناکەن (رێکخستنەوەی ناوچەکە بخەنە ئەستۆی خۆیان، بەڵکو هەوڵدەدەن داکۆکی لە بەرژەوەندییە راستەوخۆیەکانیان بکەن، دواجار مەترسییەکانی سەر ئەو بەرژەوەندییانە دووربخەنەوە، لەبەرامبەریشدا دەوڵەتە سەرەکییەکانی ئیقلیمی —بەلای کەم تا ئێستا- هیچ دەستپێشخەرییەك بخەنەڕوو بۆ دابینکردنی سەقامگیری یان بنیادنانێکی تازەی سیستەمێکی ئیقلیمی، ئەم رەوشە حاڵەتێك دێنێتە ئاراوە کە دەکرێ بگوترێت حاڵەتێکی (نەبوونی سیستەم و یەقینە).

بەم شێوەیە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێزە نێودەوڵەتییەکانی بۆخۆی پەلکێش کردو دواتر چووە ژێر باری ئەو هێزانەوە، هەروەها گرنگیی ئەم ناوچەیە سەرنجی بیرمەندانی رۆژئاوای راکێشاوە کە بیروبۆچوونی جیاوازیان دەربارەی چارەنووسی ئەو ناوچەیە خستۆتەڕوو، لەوانەی کە دیارن (بیرنارد لویس- لە ٢٠١٨ کۆچی دوایی کردووە) کە راوبۆچوونی مەترسیداری خستەڕوو تایبەت بە دابەشبوونی ناوچەکە بۆ زیاتر لە ٤٠ دەوڵەت، عەقیدی خانەنشین (پیتەر رالف) کە ئەویش دیسان بیرۆکەی دابەشکردن و لێکترازانی ناوچەکەی بۆ زیاتر لە ٣٠ دەوڵەت خستەڕوو لەمیانی (نەخشەکانی خوێن)ەوە.

بە بۆچوونی توێژەری ئەڵمانی (فۆلکەر بیرتس- بەڕێوەبەری پەیمانگەی ئەڵمانی بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئاسایش) لە کتێبی: (کۆتایی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەك ئێمە دەیزانین)کە لە ٢٠١٨ دەرچووە و تێیدا دەڵێت: جیهان لەبەردەم لێکترازانی بنیادی ناوخۆیی ژمارەیەك دەوڵەتی عەرەبیدایە، دواجار لەبەردەم دارمانی بەهای کۆمەڵگەکانیاندان (سووریا و عێراق و لیبیا). بێ ئەوەی روون بێت، یان هێماکانی سەرهەڵدانی سیستەمێکی تازە دەربکەون، کە شوێنی سیستەمە کۆنەکە بگرێتەوە، تەنانەت کێش دێت ئەو سیستەمە پێکدەهێنێت، ئەزموونەکانی مێژوو ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست (بەتایبەتیش عێراق و سووریا و لوبنان و ئێران) سەرباری ئەزموونەکانی شەڕ و داپڵۆسین و توندوتیژی، بەڵام مێژوویەکی پرشنگداری پێکەوەژیانیان هەیە، بە چاوپۆشی لە بوونی دابەشبوونی ئیتنی و تایفەگەری و سیاسی، بەڵام لەئێستادا ئەمە گونجاو نییە، بەشێوەیەك ئاستی توندوتیژی کە حوکمڕانان یان ئەوانەی حوکمیان بەدەست نییە دژی گەلەکەیان پیادەی دەکەن گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز کە ئەم شتە پێویستی بە خستنەڕووی بیروبۆچوونی تازە هەیە دەربارەی پێکەوەژیان.

وا دیارە توندوتیژی و شەڕی ناوخۆی تایفەگەری پەیوەندییان نییە بە داواکارییەکانی ئازادی بەدیهێنانی دادپەروەری کە ئەم پێویستییانەیان لەسەر بنیادنراوە، بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە: چۆن دەتوانین تێبگەین لەوەی کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگوزەرێت لەوەتەی سەرەتای ناڕەزایی و گرژییەکانی عەرەبی لە ساڵی ٢٠١١؟ ئایا ئێمە رووبەڕووی دەوڵەتانی شکستخواردوو، هەروەها شەڕی ئیقلیمی و ناوخۆ و تیرۆرو توندوتیژیی تایفەگەری دەبینەوە وەك دۆخێکی تازەی ئاسایی؟ لەگەڵ ئەوەشدا دیارە بە بۆچوونی توێژەری ئەڵمانی (فۆلکەر بیرتس) ناوچەکە رووبەڕووی سەرەتایەکی مەودادرێژ دەبێتەوە لەم ناڕەزایی و گرژییانە، هەروەها ئەمڕۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوە نییە کە دەیزانین، چونکە بە قۆناغگەلێکی گواستنەوەی بوونیادگەراییدا تێدەپەڕێت.

## (٢)
## جەوهەری دەوڵەت و ئەرکەکانی

بەگشتی دەوڵەت بۆ ئەوە دامەرزراوە کە ئەرکی سەرەکی و بنەڕەتیی خۆی بەجێ بگەیەنێت: دابینکردنی پارێزگاریکردن لە هاوولاتیان و پاراستنیان لە یەکدی، دواجار دابینکردنی

**سیاسەت ئەگەر پەیوەندیی بە ململانێیەکانەوە هەبێت، ئەوا تەنیا بۆ ئاراستەکردن، یان چارەسەرکردن نییە، بەڵکو بۆ خۆپارێزی و خۆ دوورخستنەوەیە لێی، بۆ ئەوەی دەرفەت نەداتە توندوتیژی تاکو کاریگەریی بکاتە سەر جەستەی دەوڵەت کە ببێتەهۆی هەڵوەشاندنەوەو نەمانی**

داکۆکیکردن لێیان لەدژی دوژمنانی دەرەکی (ئەمەش فەیلەسوف-ئەرستۆ- کۆچکردوو لە ٣٢٢ پ.ز- لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا-سیاسەت) باسی کردووە.

دیاریکردنی ئەو ئەرکانە مانای ئەوە نییە کە دەوڵەت هەر ئەوەندە دەکات و بە مەرج و کۆتی دادەنێت، بەڵکو ئەو تەحەددییانە تێدەپەڕێنێت، ئەوەش بە پەنابردنەبەر بەکارهێنانی توندوتیژیی شەرعی و توندوتیژیی ناشەرعی، دەوڵەت توندوتیژیی بەکارناهێنێت بۆ دابینکردنی ئاسایش و هێمنی، بەڵکو ئەو توندوتیژییە بە شێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنێت دژی هاووڵاتیان و دواجار ئەرکی دەوڵەت لە پاراستنی هاووڵاتیانەوە دەگۆڕێت بۆ دژایەتیکردن، یان بەلایەنی کەم دژی کۆمەڵێکی دیاریکراوی هاووڵاتیان، هەروەها چەندین دیاردەی سیاسیی مەترسیدار پەیدابوون لە دەوڵەتدا کە پەیوەستن بە بەکارهێنانی توندوتیژی دژی هاووڵاتیانی سڤیل، کۆمەڵکوژی، پاکتاوی رەگەزی، ئەمە فراوانتر بوو تا گەیشتە سەربڕین و بەم شێوەیە دەوڵەت بوو بە دوژمنێکی سەرسەختی ئەو کەسانەی کە پێویستە بیانپارێزێت، ئەوانەی کە لای دەوڵەت پەسند نین، بۆیە لە شیکردنەوەی دەوڵەتدا دژەڕا پەیدا بووە. پرۆفیسۆر (پۆل دو موشێل Paul Dumouchel) لە کتێبەکەیدا (قوربانیدانی بێسوود Le Sacrific inutile) دەڵێت: ئەو ئابڕووچوونەی لە ئەنجامی دژەڕا پەیدا دەبێت لەنێوان ئەو ئەرکە فەرمییەی دەوڵەتدا، واتا پاراستنی تاکەکانی و لە نێوان ئەو سیاسەتانەی مەبەستیان ریشەکێشکردنی ژمارەیەکی زۆری ئەو تاکانەیە.

بە رای زانای کۆمەڵناسیی ناوداری ئەڵمانیا(ماکس ڤایبەر Weber) لە کتێبەکەیدا (سیاسەت وەك پیشە Politik als Beruf) ئەرکی دەوڵەت پاراستنی هاووڵاتیانە و ئەرکەکەی ئەوەیە کە رێگە بە تۆڵەسەندنەوەی کەسیی نەدات، دەوڵەت بە تەنیا مافی هەیە چارەسەری ناکۆکییەکان بکات، ئەویش لە رێی قۆرخکردنی هێزی شەرعی و داکۆکیکردن لە هاووڵاتیان، بەڵام کاتێك دەوڵەت توندوتیژیی بەهێز دژی هاووڵاتیانی پەیڕەودەکات، کەواتە رێگە خۆش دەکات بۆ دیاردەیەکی مەترسیدار لە ژیانی دەوڵەتدا، ئەویش دیاردەی (بەلارێدا بردنی سیستەمی سیاسییە لە ئەرکەکانی)، بەمەش دەوڵەت دەبێتە ئەکتەرێکی دوژمنکارانە دژی ئەو کەسانەی کە پێویستە بیانپارێزێت، دواجار لانەبردنیان بە ئامانج دەگرێت، لێرەدا پەیوەندییەکی مەترسیدار لە نێوان توندوتیژی و سیاسەت دێتەئاراوە، ئەو دیاردەیەش دیاردەی ( لەناوبردنی هاووڵاتیان لەلایەن دەوڵەتەوە) بەرهەم دێنێت، ئەمەش بە مانای شکستی سیاسەت و کودەتای ریشەیی نەرێنییە لە ئەرکە جەوهەرییەکانی دەوڵەت.

شێوەکانی ئەو توندوتیژییەی کە دەوڵەت دژی هاووڵاتیان پیادەیان دەکات، رووداوگەلی سەرپێیی نین کە لە دەرەوەی سیستەمی سیاسییەوە هاتبن، بەڵکو رووداوگەلی گریمانەیین رەگی سەرهەڵدان و هاتنەکایەوەیان لە بنیادی دەوڵەتەوە داکوتاوە، ئەم توندوتیژییە پاساوە بۆ چەمکی(قوربانیدان Sacrific Le). ئەم قوربانیدانە یان بۆ حزبە، یان بۆ توێژە، یان بۆ تاکە، یان بۆ نەتەوە، یاخود بۆ گەلە، ئەم قوربانیدانە ئەمڕۆ سوودی نییە، چونکە ناتوانێت پارێزگاری بکات دژی توندوتیژی و دۆزینەوەی سیستەمێکی سەقامگیر.

بوونی دەوڵەت دیاردەی (شەڕ دژی هەموان every ones war against every one) سەپاندوویەتی، هەروەك (بیرمەند تۆماس هۆبز Hobbes) دەستنیشانی کردووە لە کتێبەکەیدا (لیفیاسان Levi- athan ) کە دەڵێت: دەوڵەت لە رێگەی توندوتیژی و قۆرخکردنی هێزو دەسەڵاتەوە هاووڵاتیانی خۆی دەپارێزێت.

توندوتیژیی شەرعیی دەوڵەت باشە، چونکە مەبەستی دابینکردنی ئاشتییە لە کۆمەڵگەدا، ئەمەش دەبێتە شتێکی لۆژیك دژی توندوتیژیی خراپ کە بێسەروبەری و ئاژاوە بەرهەمدێنێت.

بەم شێوەیە هەبوونی توندوتیژیی شەرعی واتا هەبوونی دەسەڵاتێکی ئەخلاقی و توانابوون بەسەر جیاکردنەوەی نێوان توندوتیژیی باش و دژوار کە هەر جیاکردنەوەیەك شتێکی جەوهەریی دەوڵەتی تازەیە، چونکە توانا دەبەخشێت بۆ پاراستنی هاووڵاتیان و کۆمەڵگەو دەوڵەت و بەم شێوەیەش دامەزراوە تازەکانی سیاسیی دەوڵەت دروست دەکرێن، دواجار دەسەڵاتی ئەخلاقیی دەوڵەت دێتەئاراوە کە حوکمڕان و دەسەڵاتی سیاسی لەپاڵ هاووڵاتیاندا دەبن، دەسەڵاتیش توندوتیژی بۆ داکۆکیکردن لێیان بەکاردەهێنێت، ئەم توندوتیژییەش شەرعییە و لەپاڵ پاراستنی هاووڵاتیانیش مەبەستی کۆتاییهێنانە بە ئاژاوە، بە رای توێژەری فەرەنسی( کلۆد برۆیێر Claude Blauire) لە کتێبەکەیدا (جەوهەری سیاسەت La rea- son politique)، وەك دەستپێشخەرییەکی سیاسیی بێ رکابەرە، چونکە کۆتایی بە ئاژاوە دەهێنێت، بە رای ئەو، ئەم دەستپێشخەرییە سیاسییە بناغەی هەموو سیستەمێکی سیاسییە، چونکە مانای قۆرخکردنی

**نەبوونی بژاردەیەکی دیکە جگە لە لابردنی بانگەشەکانی لایەنێک، یان دەستێوەردانی دەسەڵاتی سیاسی بۆ ناچارکردنی لایەنێک کە پابەندبێت بە هێورکردنەوەی دۆخەکە دیاردەیەکی مەترسیدار دێنێتە ئاراوە، کە کاریگەریی قووڵی دەبێت بۆسەر رەوتی دەوڵەت، ئەویش دیاردەی مردنی سیاسەتە**

دەسەڵاتی سیاسییە بۆ هێزی شەرعی، کە توانا بە دەوڵەت دەدات پارێزگاریی لە هاووڵاتیانی بکات دژی توندوتیژیی نادامەزراوەیی و دواتریش پاراستنیان لە ئاژاوە. لێرەدا پەیوەندیی تازە لە کۆمەڵگە سەرهەڵدەدات لەنێوان کۆمەڵانی دۆست و کۆمەڵانی دوژمن، ئەم پەیوەندییەش جەوهەری سیاسەتە بە تێگەیشتنی بیرمەندی ئەڵمانی (کارل شمێت Schmitt) لە کتێبەکەیدا (چەمکی سیاسەت Begriff der Politik). ئەم پەیوەندییەش پەیوەندییەکی هاوکاری- دوژمنایەتی لە کۆمەڵگەو دەوڵەتیشدا دروستدەکات.

**(٣)**

### نموونەی عێراق

هەندێ توێژەری رۆژئاوایی بیروبۆچوونی زۆریان لەسەر عێراق خستەروو دەربارەی کۆتایی عێراق وەك دەوڵەتێك، لەوانە: گالبریس (کۆتایی عێراق)، فۆللەر( ئایا عێراق تا ساڵی ٢٠١٠ بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە)، ستانسفلّد (ئاینەدەی عێراق: دیکتاتۆری، دیموکراسی، دابەشبوون)، بەڵام تا ئێستا ئەو ئامانجانە نەهاتوونەتەدی، چونکە بارودۆخی عێراق دوای ساڵی ٢٠١٣ رێچکەیەکی پێچەوانەی بیرکردنەوەی ئەو توێژەرانەی وەرگرتووە.

دوای ساڵی ٢٠٠٣ توندوتیژیی شەرعی و قۆرخکردنی شەرعیی دەسەڵات و هێز لە عێراق بەرەبەرە ئاکارو شێوازە سەرەکییەکانی لەدەستداوە، چونکە تاکە توندوتیژییەك نەبووە لە دەوڵەتی عێراق و دواتر ئەو توندوتیژییە وەك دیاردەیەك شێوەزاگەلێکی تازەی نادیاری لە عێراق بەرهەمهێناوە: توندوتیژیی تایفەگەری، توندوتیژیی حزبی، توندوتیژیی تاك، توندوتیژیی عەشایری. ئایا ئەم دەستنیشانکردنە دەکرێت ببێتە دەروازەیەك بۆ تێگەیشتن و وەرگرتنی ئەو شتانەی تا ئێستا لە عێراق روودەدەن؟ ئەوەی لە عێراق روودەدات بریتییە لە: ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان چەندین جۆری توندوتیژی، لەو دۆخەدا سەرنج دەدەین کە قۆرخکردنی توندوتیژیی شەرعی لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە لە عێراق ون بووە، ئەمەش بۆتەهۆی کرانەوەی دەرفەت لەبەردەم چەندین شێوازی تێکچرژاوی توندوتیژی بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە و شکستی دەسەڵاتی سیاسی لە پاساوهێنانەوە بۆ ئەنجامدانی توندوتیژیی دۆستان بەرامبەر دوژمنان، ئەمەش بۆتەهۆی پەرتکردنی ریزەکانی توندوتیژیی دۆستان، کە بوارێکی فراوانی رەخساندووە بۆ کۆمەڵی دەستانی دەسەڵات کە توندوتیژیی سیاسی بقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان و بەرژەوەندیی حزب، یان توێژ یان تایفە.

پرسیارێك دێتەپێشەوە. رۆڵی عەقڵ و عەقلانییەت چییە لە رەوتی رووداوەکانی ئێستای عێراقدا؟ رۆڵی عەقلانییەت لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا لەمیانی یەکلاکردنەوەی چارەسەری دادپەروەرانە لە بنەرەتدا دەوەستێتە سەر بوونی حاڵەتێکی ئاشتی کۆمەڵایەتی لەو وڵاتەی کە لە رێگەی توندوتیژیی شەرعییەوە دامەزراوە، ئەم بارودۆخە لە ئێستای عێراقدا نییە و بۆتەهۆی لاوازییەکی ئاشکرای ئاستی کاریگەریی ئاراستەی عەقلانییەت بەسەر رەوتی سیاسەتی گشتیدا، بۆیە نەیتوانیوە توندوتیژیی شەرعی بقۆزێتەوە بۆ زاڵبوون بەسەر رووداوە زەقەکانی دژ بە سیستەمی سیاسی و نەیتوانیوە چارەسەری عەقلانی پێشکەش بە هاووڵاتیان بکات. دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا چارەسەری زۆری وەك ئەوەی کە پێی باشە پێشکەش کردووە بۆ چارسەرکردنی ئەو داواکارییانەی خۆپیشاندەران پێشکەشیان کردووە، بەڵام لەکاتی وردبینیی ئەو چارەسەرانە وا دیارە سیستەمی سیاسیی عێراق بێ توانا بووە لە ئەداو بەجێهێنانی دەستکەوتەکان کە دەتوانن ببنە هۆی هێنانەکایەی شەرعییەتێك بۆ سیستەمی سیاسی کە لەبەردەم فشارە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا چۆکی داداوە، دواجار هاوسەنگیی پێویست بۆ سەقامگیری و مانەوەی خۆی لەدەستداوە، وا پێویست بوو زانیاری هەبێت دەربارەی پێویستییەکانی هاووڵاتیان و دەستنیشانیشیان بکات، پێش سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکان، چونکە ئەو دەستنیشانکردنە لە ناوەڕۆکی ئەرکەکانی دەسەڵاتی سیاسییە کە بریتییە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پێویست بۆ هاووڵاتیان.

کەواتە هەنگاوەکانی دەسەڵاتی سیاسی بە درەنگەوە گەیشتن وەك بڵێی لە گۆڕەپانەکە، یان لە فەزای گشتیی کۆمەڵگەو دەوڵەتدا نەبوون. بۆیە دەپرسین: سروشتی ململانێی ئێستای عێراق چییە؟ سەرەتا دەکرێ بڵێین کە ناکۆکیی نێوان تاکەکان(وەك تاکەکان) ناکۆکیی سیاسی نییە، کاتێکیش ئەوانە لە چوارچێوەی ناکۆکی دژ بەیەك دەبن، دیارە وەك تاك لەنێو کۆمەڵێکی دیاریکراو قسەدەکەن و رەفتاردەکەن لە ململانێ لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکە، بەڵام ئەو ناکۆکییە نابێتە ململانێی سیاسی، ئەمەش بە واتای ئەوەی کە ئەو تاکانە بە لایەنێکی ئەو ململانێیە

**پێویستبوون بە چارەسەری ململانێیەکە لە کاتی سەرهەڵدانیدا دەردەکەوێت، چونکە چارەسەرنەکردنی واتا گۆڕینیەتی بۆ کێشەیەک کە دەکرێ بە توندوتیژی، یان بە دیالۆگ یان بە وتوویژ چارەسەربکرێت، چارەسەری سیاسیی ئەم کێشەیە پێویستی بەو دیالۆگ و وتوویژانە هەیە کە بە رێککەوتنی نێوان لایەنەکانی کێشەکە کۆتایی دێت**

**ئەوەی لە عێراق روودەدات بریتییە لە: ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان چەندین جۆری توندوتیژی، لەو دۆخەدا سەرنج دەدەین کە قۆرخکردنی توندوتیژیی شەرعی لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە لە عێراق ون بووە**

دادەنرێن و ناچاردەکرێن هەڵوێست وەربگرن یان پەرچەکرداریان هەبێت کە رەنگە پەلبکێشێت بە شێوەیەکی توندوتیژیی ئەو ململانێیە کە بریتییە لەوەی تاک بتوانێت یان نەتوانێت ژیانی ئاسایی خۆی بگوزەرێنێت لەجیاتی ئەوەی لێپرسینەوەی لێبکرێت لە چوارچێوەی دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵەکەی، بەڵام کاتێ ئەو ململانێیە شێوەی توندوتیژیی وەردەگرێت، ئەوا رەهەندێکی سیاسیی دەبێت و کاریگەریی دەبێت بۆ سەر ئەو کردارەی کە لەم ململانێیەدا دێتەئاراوە.

بە رای ژنە فەیلەسوف ( هانا ئارێندت Ar-endt) ئەو کردارە کەسایەتیی تاکەکە دەردەخات و لە هەمان کاتیشدا تایبەتمەندیی هەندێ ئینتیمای (کۆمەڵایەتی، تایفەگەری، ئایینی، رۆشنبیری) نیشاندەدات، جا بۆ ئەوەی ئەم کردارە ببێتە کردارێکی بەکۆمەڵ ئەوا پێویستە کۆدەنگی هەبێت لە نێوان بەشداربووانی کارەکە لە بارەی ناوەرۆکی کردارەکە کە گوزارشت لە کۆمەڵێکی گونجاوی یەکگرتوو دەکات کە هەڵگری بەهاو بەرژەوەندیی هاوبەشن، بەشێوەیەکیش کە وا بکات تاکەکان هۆشیاربن لە ئاست تایبەتمەندییەکانیان، لێرەدا دەپرسین: ئایا ئەو تایبەمەندییە خۆی لە خۆیدا ئامانجە، یان بریتییە لە جرکەساتی ململانێیکە؟

ئەو تایبەتمەندییە بریتییە لە ململانێیەك هەموو کۆمەڵە پێکناکۆکەکان دەخاتە بەرامبەر یەکدی، ئینجا دەبێتە ململانێی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسیش دەبێتە توخمێکی یەکلاکەرەوە لە چارەسەرکردنی ململانێیەکە، ئەمەش بە واتای ئەوەی دەوڵەت دەستوەردان دەکات لە ململانێ و کێشەکانی نێوان ئەو کۆمەڵانە، ئەم دەستێوەردانە چەندین شێوەی دەبێت: دەوڵەت دەبێتە نابوێژیکار، یان رۆڵی دادوەر دەگێڕێت، یاخود دەبێتە لایەنێکی ململانێیەکە بە شێوەیەك کە مەبەست یەکلایکردنەوە بێت، ئاستی دەستێوەردانەکە ئاست و پلەی بەسیاسیکردنی ململانێیەکە دیاریدەکات، هەروەها قووڵبوونەوە لە ململانێیەکە واتا دامەزراوەکانی دەوڵەت بەرژەوەندی و راوبۆچوونەکانی توێژێکی کۆمەڵایەتی بەدیدێنێت.

## (٤)
## چارەسەری سیاسیی ململانێیەکە

پێویستبوون بە چارەسەری ململانێیەکە لە کاتی سەرهەڵدانیدا دەردەکەوێت،چونکە چارەسەرنەکردنی واتا گۆڕینیەتی بۆ کێشەیەك کە دەکرێ بە توندوتیژی، یان بە دیالۆگ یان بە وتووێژ چارەسەربکرێت، چارەسەری سیاسیی ئەم کێشەیە پێویستی بەو دیالۆگ و وتووێژانە هەیە کە بە رێککەوتنی نێوان لایەنەکانی کێشەکە کۆتایی دێت، ئەم چارەسەرە سیاسییە پێویستە ببێتە بناغەیەك بۆ وازهێنان لە توندوتیژی،، ئەمەش دۆخەکەیە لە دەوڵەتانی دەستووری و پشتدەبەستێت بە پرەنسیپی هاوسەنگیی هێز و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی توندوتیژی لە چارەسەری سیاسی و پەنابردن بۆ گفتوگۆ بە مەبەستی گەیشتن بە رێککەوتن، ئەویش لەمیانی ئاڵوگۆڕکردنی پاساوەکان کە دەبێ بەرژەوەندیی لایەنە جیاوازەکان لەبەرچاوبگیرێت، تاکو بگەنە یەکلاکردنەوەی ململانێیەکە بە شێوەی سیاسی و ئەمەش لەسەر دوو ئاست دەبێت:

- دیاریکردنی ئەو پرەنسیپانەی کە دەبنە بنەما بۆ یەکلاکردنەوەی نێوان بەرژەوەندییە جیاوازەکان.
- پێویستە لێکگەیشتن هەبێت لەسەر بنەمای پرەنسیپی دادپەروەری.

بەڵام کاتێ ململانێیەکان دەگەنە ئاستێکی مەترسیدار هەڕەشە لە بوونی دەوڵەت دەکەن، ئایا دەکرێ دەسەڵاتی سیاسی لێیان دووربکەوێتەوە و بەلایاندا نەچێت؟

وەڵام: نەخێر، دۆخەکە لەم حاڵەتەدا پێویستی بە یەکلاکردنەوە و کۆتاییهێنانی ململانێیەکە هەیە، چونکە پەرەسەندنی ململانێ دەگاتە ئاستێك کە پێویستە دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسیارێتی لەئەستۆ بگرێت، بۆیە لە حاڵەتێکدا کە پاراستنی ئازادیی و مافەکان رووبەڕووی مەترسی ببێتەوە، ئەوا وا دەخوازێت ئەو مەترسییە لابەرێن بە لابردنی بانگەشەکردنی یەکێك لە لایەنی ململانێیەکە.

بەڵام لەو حاڵەتەدا( نەبوونی بژاردەیەکی دیکە جگە لە لابردنی بانگەشەکانی لایەنێك یان دەستێوەردانی دەسەڵاتی سیاسی بۆ ناچارکردنی لایەنێك کە پابەندبێت بە هێورکردنەوەی دۆخەکە) دیاردەیەکی مەترسیدار دێنێتە ئاراوە، کە کاریگەریی قووڵی دەبێت بۆسەر رەوتی دەوڵەت، ئەویش دیاردەی مردنی سیاسەتە.

سیاسەت ئەگەر پەیوەندیی بە ململانێیەکانەوە هەبێت، ئەوا تەنیا بۆ ئاراستەکردن، یان چارەسەرکردن نییە، بەڵکو بۆ خۆپارێزی و خۆ دوورخستنەوەیە لێی، بۆ ئەوەی دەرفەت نەداتە توندوتیژی تاکو کاریگەریی بکاتە سەر جەستەی دەوڵەت کە ببێتەهۆی هەڵوەشاندنەوەو نەمانی دەوڵەت، ئەمەیە ئەرکی دەوڵەتی عێراق کە بۆی دەبێتە تەحەدییەکی مەترسیدار.

**چەندین دیاردەی سیاسیی مەترسیدار پەیدابوون لە دەوڵەتدا کە پەیوەستن بە بەکارهێنانی توندوتیژی دژی هاووڵاتیانی سڤیل، کۆمەڵکوژی، پاکتاوی رەگەزی، ئەمە فراوانتر بوو تا گەیشتە سەربڕین و بەم شێوەیە دەوڵەت بوو بە دوژمنێکی سەرسەختی ئەو کەسانەی کە پێویستە بیانپارێزێت**

**توندوتیژیی شەرعیی دەوڵەت باشە، چونکە مەبەستی دابینکردنی ئاشتییە لە کۆمەڵگەدا، ئەمەش دەبێتە شتێکی لۆژیک دژی توندوتیژیی خراپ کە بێسەروبەری و ئاژاوە بەرهەمدێنێت**



شێخ نیاز دێگەیی

بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان بۆ گوڵان:

# هەر کاتێک بە هەڵەتێگەیشتن لە چەمکەکانی ئایین دروست بوو ئەوا توندڕەوی دروست دەبێت

# بنەمای جیهاد و تێکۆشان ئەوەیە
# کە ڕێگری لە کەسی دەستدرێژیکەر بکرێت

**پرسی ڕۆڵی زانایانی ئایینی لە برەودان بە گیانی پێکەوەژیان و بەرگرتن لە دیاردەی توندڕەوی و توندوتیژی بە ناوی ئایین و ئیسلامەوە و مەسەلەی بەهەڵە تێگەیشتن لە چەمك و بنەما ئایینییەکان و دەرهاویشتە و کاریگەری و ئاکامەکانی ئەم بەهەڵەتێگەیشتنە و چەند پرسێکی دیکە بوونە تەوەری دیدارێکی گولآن لەگەڵ شێخ نیاز دێگەیی ئیمام و گوتاربێژی مزگەوتی شەهید سەباح و بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان، کە لێرەدا پوختەکەی بڵاو دەکەینەوە.**

*** زۆرینەی خەڵکی کوردستان موسڵمانن و لە مێژووی نەتەوەی کورددا ئایین فاکتەرێك بووە بۆ خێر و پێکەوەژیان و لێبووردەیی؛ ئایا چی وایکردووە ئایینی ئیسلام لەناو نەتەوەی کورددا بەو شێوەیە بەرجەستە بێت، لەکاتێکدا لەناو نەتەوەکانی دیکەدا بەو شێوەیە ڕەنگی نەداوەتەوە؟**

- ئەگەر ئێمە لە پرسی پابەندبوونی خەڵکی کوردستان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بڕوانین، ئەوا دەتوانین بڵێین جیاواز لە هەموو نەتەوەکانی دیکە، گەلی کورد بە شێوەیەکی گشتی پابەندبوونیان بە ئەندازەیەك بووە کە ویستوویانە بە شێوەیەکی حەرفی سەرجەم بڕگە و بنەما و ئامانجە ئایینییەکان لە ژیانی ڕۆژانەیان جێبەجێ بکەن، واتە هەموو تاکێك خۆی نوێنەرێکی جوان و ڕاستەقینەی ئیسلامەتی بووە، ئەم پابەندبوونەش سەرچاوەکەی بۆ ئەو دڵسۆزییە دەگەڕێتەوە کە مامۆستا و پێشەنگ و سەرکردەکانی ئەم نەتەوەیە هەیانبووە، واتە ئەوانەی بە درێژایی مێژوو سەرقافڵەی ئەم نەتەوەیە بوون، زۆر بە بایەخەوە لە بنەما ئایینییەکانیان ڕوانیوە و خەڵکیان هانداوە بۆ خواپەرستی و ئیسلامپەروەری، چونکە زانیویانە پابەندبوون بەو بنەما ئایینییانەی ئیسلامەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگەیەکی پڕ خێر و بەرەکەت دروست بێت. هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە میللەتی کورد ئایینی ئیسلامی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار نەهێناوە، بەڵکو وەك ئەنجامدانی خواپەرستیی ڕاستەقینە لە ئیسلامی ڕوانیوە و پێوەی پابەند بووە، واتە تەنیا بۆ خواپەرستی و بۆ نزیکبوونەوە بووە لە خودا، واتە هیچ بەرژەوەندییەکی دنیاویستی نەخستۆتە پێش بەرژەوەندی ئیمانی خۆی. هەر لەبەر ئەوەشە تا ئێستا بە پەرۆشەوە پابەندە بە

مزگەوت و قورئان و پێغەمبەر (د.خ) و زانایانی ئایینییەوە و دەبینین هیچ تەوژمێکی دیکە هێندەی ئیسلام لەسەر خەڵکی ئێمە کاریگەر نەبووە.

*** لە کاتێکدا ئیسلام خێر و بەرەکەت بێت و زۆرینەی میللەتی کوردیش بەو شێوە راستەقینە و دڵسۆزییە موسڵمان بێت، ئەی چی وای کردووە لێرە تەوژمی توندڕەوی دروست بێت؟**

- لە راستیدا ئەگەر ئێمە لە پرسی توندڕەوی بڕوانین کە لە رۆژگاری ئێستادا بۆتە عەیب و عارێکی گەورە لە جیهاندا، ئەوا دەبینین کە تایبەت نییە بە ئایینێکی دیاریکراو، بەڵکو لە ئایینەکانی دیکەش هەبووە و تا ئێستاش بوونی هەیە، بە ئایینی مەسیحی و یەهودیشەوە، کە ئەگەر لە مێژوو بڕوانین دەبینین چییان لەگەڵ یەکتردا کردووە، بە هەمان شێوە لە مێژووی وڵاتانی موسڵمانیش چەندین مەرگەسات بەدی دەکەین. بەڵام دەتوانین بڵێین هەر کاتێك بەهەڵەتێگەیشتن لە چەمکەکانی ئایین دروست بوو، ئەوا دەبێتەهۆی دروستبوونی توندڕەوی، بەڵام لە ئێستادا دەیانەوێت هەندێ لەو توندوتیژی و توندڕەوییەی دەکرێت بەسەر ئیسلامیدا ساغی بکەنەوە، ئەمە لە کاتێکدا لە شوێنەکانی دیکەش توندوتیژی هەیە، بۆ نموونە ئەوەتا لە وڵاتی میانمار موسڵمانەکانی ئەو وڵاتە دەچەوسێندرێنەوە و رووبەڕووی کوشتن و برسیکردن و سووتاندن دەبنەوە. لەبەر ئەوە دەمەوێت بڵێم پرسی توندڕەوی پرسێکی جیهانییە. بۆیە دەگەڕێمەوە و دەڵێم هەر کاتێك مرۆڤ بە هەڵە و بە سەقەتی لە چەمکە ئایینی و رۆحی و ئیمانییەکان تێگەیشتن، ئەوا کەسێکی تەندروستی لێدەرناچێت. بۆ نموونە لە ئێستادا زۆر باس لە دەستەواژەی جیهاد دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا جیهاد ئەوە نییە کە تۆ شەڕ بەرپا بکەیت و خەڵك بکوژیت، چونکە کە قورئانی پیرۆز جیهادی بۆ پێغەمبەر(د.خ) دانا، ئەوا دەبێت بزانین لە سەرەتادا پێغەمبەر ١٣ ساڵ لە مەککە بانگەوازی کرد و دواتریش دوو ساڵ لە مەدینە دەمێنێتەوە و ئینجا لە ساڵی دووەمی کۆچی رێگەی پێدەدرێت لە رێی ئایەتی (أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا * وَإِنَّ اللَّهَ عَلَىٰ نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ)، کە لێرەدا ئاماژە بەوە کراوە لەبەر ئەوەی ئێوە ستەمتان لێدەکرێت، ئەوا ئێوە بەرگری لە خۆتان بکەن و بەرەنگاریان ببنەوە، کەواتە بنەمای جیهاد و تێکۆشان ئەوەیە کە رێگری لە کەسی دەستدرێژیکەر بکرێت. مەبەستەکە ئەوەیە کە ئیسلام نایەوێت غەدر لە کەس بکات و خوای گەورە دەفەرموێت کەس ناچار مەکەن کە بێتە نێو ئیسلامەوە (لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ * قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ) هەروەها دەفەرموێت (قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ (١) لَا أَعْبُدُ مَا تَعْبُدُونَ (٢) وَلَا أَنتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ (٣) وَلَا أَنَا عَابِدٌ مَّا عَبَدتُّمْ (٤) وَلَا أَنتُمْ عَابِدُونَ مَا أَعْبُدُ (٥) لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ). کەواتە ئامانج لە دانانی جیهاد ئەوەیە کە ئەگەر هاتوو کەسێکی غەیرە ئایینێکی دیکە هات و ستەمی لێکردیت، ئەوا بۆ ئەوەیە بەرەنگاری ببیتەوە و پێی بڵێیت بۆ دەتەوێت خوانەپەرستێت و مزگەوت نەمێنێت؟ جیهاد ئەوە نییە کە تۆ خەڵکی شارەکەی خۆت بە کافر بزانیت. بۆیە ئەرکی زانا ئایینییەکان و ناوەندە فیکرییەکانە کە بە گوێرەی توانا هەڵبستین بە هۆشیارکردنەوەی ئەو خەڵکانە بۆ ئەوەی دەستهەڵگرن لە بیری توندڕەوی لە رەتکردنەوەی کەسانی بەرامبەر.

**ئەو خێر و بێرەی یەکێتی زانایان بۆ میللەتی کوردی هەبووە، هەموو خێرەکەی بۆ خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی دەگەڕێتەوە، چونکە دامەزراندنی ئەم یەکێتیە زەروورەتێک بوو بۆ هەموو قۆناغەکان**

*** زۆر باس لە پرسی سەلەفییەت دەکرێت، لە پەیوەندی بەم باسەوە، چ روونکردنەوەیەکتان هەیە؟**

- ئێمە لە ئیسلامدا هەردوو دەستەواژەی (سلف و خلف)مان هەیە، سەلەفییش واتە پێشینەکان، واتە هاوەڵان و شوێنکەوتووانی پێغەمبەر (د.خ)، واتە کە ئێستا ئێمە خودا دەپەرستین و لە ئیسلامەتی تێدەگەین، دەگەڕێینەوە سەر ئەو سەلەفانە، واتە ئەوان پێشەنگی ئێمەن و هەر کەسێك ئەوان رەتبکاتەوە ئەوا ئەمە وەك رەتکردنەوەی پێغەمبەر وایە. بەڵام ئەوەی لە ئێستادا خۆی ناو ناوە سەلەف، ئەوا هیچ پەیوەندیی بە سەلەفەوە نییە و نوێنەرایەتی ئەهلی سەلەفییش ناکات، ئێمە ئەهلی سەلەفین کە پابەند دەبین بە فەرموودەکان و بە تێگەیشتنیان لە قورئان و سوننە. بۆیە من تەمەننام دەکرد ئەو ناوە بە کارنەهێنرایە، چونکە ئەوە گورز لە مێژووی ئیسلام دەدات. چونکە ئەوانەی توندڕەوی ئەنجام دەدەن بە ناوی سەلەفییەتەوە

**ئەوانەی توندڕەوی ئەنجام دەدەن بە ناوی سەلەفییەتەوە ئەوانە سەلەفی نین، ئەوانە پاشماوەی ئەو گرووپانەن کە کاتی خۆی بوونیان هەبووە، وەک خەواریج و موعتەزیلە کە ئازاری هاوەڵەکانیان دەدا و ئیمامی عەلی و موعاویە و هاوەڵی گەورەیان تەکفیر دەکرد**

ئەوانە سەلەفی نین، ئەوانە پاشماوەی ئەو گرووپانەن کە کاتی خۆی بوونیان هەبووە، وەك خەواریج و موعتەزیلە کە ئازاری هاوەڵەکانیان دەدا و ئیمامی عەلی و موعاویە و هاوەڵی گەورەیان تەکفیر دەکرد. بەڵام من دڵنیام کە ئەم تەوژمە توندڕەوییە و تێنەگەیشتنی هەڵە لە ئایینی ئیسلام تەمەنی درێژ نابێت و وەك ئاگرێك وایە پوش و پەڵاش دەسووتێنێت و هەر زوو کپ دەبێتەوە.

*** ئەی باشە چۆن لە پرسی حزبایەتی و بەکارهێنانی ئایین بۆ مەرامی حزبی دەڕوانیت؟**

- من هۆکاری گشتیی توندڕەوی بۆ پرسی پیلانگێڕی لە دژی ئیسلام و بە هەڵەتێگەیشتن لە ئیسلام دەگەڕێنمەوە، بەڵام ئەگەر بێت و ئێمە بچینە نێو وردەکارییەکانی ئەم پرسەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە یەکێك لە هۆکارەکان پرسە سیاسییەکانە، یان بڵێین لایەنی سیاسییە و لە نێو ئەو لایەنانەشدا چەند گرووپێك، مەبەستم ئەوەیە رەنگە ئەو سیستەمەی حزبێکی لەسەر بەڕێوەدەچێت-ئیسلامی بێت، یان حزبەکانی دیکە- هیچ کێشەی نەبێت، بەڵام لە نێو ئەو حزبەدا کەسانێك هەبن گۆشکرابن بە فیکری هاوردەی دەرەکی کە کاریگەری هەیە لەسەر بڵاوبوونەوەی توندوتیژی. بۆ نموونە هەندێ حزب لە تورکیا هەن کە ئەگەرچی ئیسلامیش نین، بەڵام نەتەوەپەرستن و دەبینیت چەند توندڕەون بەرامبەر بە کورد و میللەتەکانی دیکە.

*** ئایا ئێمە توانیومانە لە رێی مەنهەجی خوێندن و پەروەردەوە کارمان بۆ دروستکردنی تێگەیشتنی راستەقینە لە ئیسلام کردبێت؟**

- لە راستیدا ئەوەی من سەرنجم داوە، بەتایبەتی لە وانەکانی تایبەت بە خوێندنی باڵا- ماستەر و دکتۆرا- وەك پێویست بایەخ بە بابەتە ئایینییەکان نادرێت، کە دەبوو بایەخی زیاتریان پێبدرایە بۆ ئەوەی خەڵکی باشتر لە ئایین تێبگەن، چونکە تێگەیشتنی راستەقینە لە ئایین مایەی بەختەوەری دەبێت بۆ مرۆڤەکان، بە پێچەوانەشەوە تێگەیشتنی هەڵە لە ئایین لادانی لێدەکەوێتەوە. بەگشتی پێموایە لە ناوەندەکانی پەروەردە و خوێندن بە بێ بایەخدان مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە کراوە.

*** باشە بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە رۆڵی زانایانی ئایینی دەڕوانیت لە پەیوەندی بە پرسی توندڕەوییەوە؟**

- من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە رۆڵی زانایانی ئایینی لە ئێستا و لە رابردووشدا رۆڵێکی پرشنگدار و دیار بووە، ئەوە کاریگەری مزگەوت و مینبەرەکانە کە بوونەتە هۆی ئەوەی کەسانی توندڕەو لە نێو ئێمەدا بە پەنجەی دەست بژمێردرێن. بۆ نموونە لە کوردستان ٦٠٠٠ مزگەوت هەیە و نزیکەی ٣٠٠٠ مزگەوت وتاری لێدەدرێت، کە تێیدا ئەو رێنماییانە دەدرێن کە هەموویان لە پێناوی پاراستنی ئاسایش و ئەمانی ئەم وڵاتەدایە و لە پێناوی پاراستنی گیانی خۆڕاگری و بەرگریکردن لە کوردستان و بەرەودان بە نەرمونیانی لە میانەی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتردایە و بۆ ئەوەیە ئیسلامێکی میانڕەو پیادە بکرێت. هەرچەندە مایەی نیگەرانییە کە هەندێ هەوڵ دەبینین کە دەیانەوێت تەوژمی توندڕەوی لە کوردستان سەرهەڵبدات، بەڵام دڵنیاتان دەکەمەوە تاوەکو مەلاکان لە کوردستان مابن، ئەوا توندڕەوی لە کوردستان سەرهەڵنادات و خەڵکی شوێن توندڕەوی ناکەوێت، لەبەر ئەوە پێموایە ئەگەر حکومەت و بەتایبەتی وەزارەتی ئەوقاف و حزبەکان هاوکار و هەماهەنگ بن لەگەڵ مەلاکان ئەوا توندڕەوی لە کوردستاندا نامێنێت.

*** کەواتە ئەو کاتەی مەلا مستەفا بارزانی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی دامەزراند هەنگاو و بڕیارێکی باش بوو هەم بۆ خزمەتکردن بە ئیسلام و هەم بۆ پشتیوانیکردن لە پرسە نەتەوەییەکە؟**

- من دەڵێم تا ئێستا ئەو خێر و بێرەی یەکێتی زانایان بۆ میللەتی کوردی هەبووە، هەموو خێرەکەی بۆ خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بارزانی -یە، چونکە دامەزراندنی ئەم یەکێتییە زەروورەتێك بوو بۆ هەموو قۆناغەکان، واتە چ لە سەردەمی شاخ و شۆڕشدا و چ بەم دواییش کە پرسی توندڕەوی و تیرۆر هاتەئاراوە کە مەترسی لەسەر کوردستان دروست کرد، بە هەمان شێوە بۆ مەسەلەی پشتگیریکردن لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی و لە هەموو پرسە نیشتمانییەکان رۆڵی بەرچاویان هەبووە.

**ئەم تەوژمە توندڕەوییە و تێنەگەیشتنی هەڵە لە ئایینی ئیسلام تەمەنی درێژ نابێت و وەک ئاگرێک وایە پوش و پەڵاش دەسووتێنێت و هەر زوو کپ دەبێتەوە**

**رۆڵی زانایانی ئایینی لە ئێستا و لە رابردووشدا رۆڵێکی پرشنگدار و دیار بووە، ئەوە کاریگەری مزگەوت و مینبەرەکانە کە بوونەتە هۆی ئەوەی کەسانی توندڕەو لە نێو ئێمەدا بە پەنجەی دەست بژمێردرێن**





# گەمارۆی ئابووری

## وەک بەدیلی شەڕ و شێوازێکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان

لە دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، جۆرج دەبلیو بوش بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند، هەر دەوڵەتێك نەبێتە ئەندام لە هاوپەیمانیی دژی تیرۆریستانی ئەلقاعیدە، ئەوا ئەو دەوڵەتە بە سپۆنسەری تیرۆر و بە دوژمنی ئەمریکا لەقەڵەمی دەدەن. ئەم قسەیەی بوشی کوڕ، ئەو پەیامەی بە کۆی دەوڵەتانی جیهان ڕاگەیاند، هەر دەوڵەتێك ئامادە نەبێت چەتری سۆپەرپاوەری ئەمریکا قبووڵ بکات و بە مەرجەکانی ئەمریکا ڕازی بێت، ئەوا وەك ئیمارەتەکەی تاڵیبان لە ئەفغانستان دەڕووخێنرێت و لەجێی ئەو دەوڵەتێك بونیاد دەنرێتەوە کە چەتر و مەرجەکانی سۆپەرپاوەری ئەمریکای قبووڵ بێت، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش لە ساڵی ٢٠٠٣ هەمان ئیدارەی جورج دەبلیو بوش هێرشی کردە سەر ڕژێمی سەدام حوسێن و ڕووخاندنی، ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێنیش پەیامێك بوو بۆ هەموو دەوڵەتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئیدارەی ئەمریکا بە «میحوەری شەڕ» ناوی دەبردن.

بەڵام هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی دۆناڵد ترەمپ وەك سەرۆکی ئەمریکا، ئەم ستراتیژە بە جارێك گۆڕانکاری بەسەرداهات و ستراتیژیەتێکی دیکە لەژێر ناوی «بەرژەوەندیی ئەمریکا پێش هەر شتێکی دیکە» جێگەی گرتەوە، ئەم ستراتیژەشی لەسەر دوو کۆڵەگەی سەرەکی داڕشتبوو کە بریتی بوون لە:

١. چیتر ڕووخانی ڕژێمەکان و دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتەکانیان کاری ئیدارەی ئەمریکا نابێت.

٢. چیتر پشتگیری بۆ بڵاوبوونەوەی دیموکراتی و پارێزگاریکردن لە مافەکانی مرۆڤ کاری ئیدارەی ئەمریکا نابێت.

دیارە مەبەستی لە خاڵی یەکەم و دووەم، ئەوەیە کە ئیدارەی ئەمریکا جارێکی دیکە هێرش ناکاتە سەر دەوڵەتێکی وەك کۆریای باکوور لەبەر ئەوەی ڕژێمەکەی کۆمۆنیستییە، یان هێرش ناکاتە سەر ئێران لەبەر ئەوەی کۆماری ئیسلامییە، یان ڕژێمی بەشار ئەسەد ناڕووخێنێت لەبەر ئەوەی دیکتاتۆرە و بڕوای بە مافەکانی مرۆڤ نییە. لەبەرامبەر ئەمەدا دەوڵەتانی خاوەن سەروەریی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان، دەبێت پابەند بن بە پاکتی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها ئەو مەرجانەی ئیدارەی ئەمریکا بۆ پەیوەندی لەگەڵ هەر دەوڵەتێکدا دیاری دەکات، بۆ ئەمەش هەر لە یەکەم ڕۆژی دەست بەکار بوونیەوە، ترەمپ ئامادەباشی ئیدارەکەی بۆ دیالۆگ لەگەڵ دەوڵەتانی دۆست و دوژمن دەربڕیوە، بۆ ئەوەی لەسەر ئەم بنەما تازەیە پەیوەندی نێوان ئەمریکا و هەر وڵاتێکی دیکە ڕێکبخرێتەوە.

دیارە لە ماوەی ساڵی یەکەمی ئیدارەی ترەمپدا، ستافی وەزارەتی دەرەوە و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و تا ڕادەیەك وەزارەتی بەرگری، نەیاندەویست بڕیارە تەنفیزییەکانی ترەمپ وەك خۆی جێبەجێ بکەن، بۆیە لە کۆتایی هەمان ساڵدا ترەمپ ڕاستەوخۆ، ریکس تیلێرسۆنی وەزیری دەرەوەی گۆڕی بە مایك پۆمپیو، ماکماستەی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەییشی گۆڕی بە جۆن بۆڵتۆن، ئەم دوو گۆڕانکارییە گرنگە لە ماوەی کەمتر لە چەند مانگێکدا زەمینەی دیالۆگی ڕاستەوخۆی لە نێوان دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا و کیم جۆنگ ئونی سەرۆکی کۆریای باکوور هێنایەئاراوە، ئەوە بوو لە ١٢ی حوزەیرانی ٢٠١٨ ئەم دیدارە لە سەنگافورە ئەنجامدرا، ئەمەش بووە ڕێگەخۆشکەر بۆ ئەوەی کۆریای باکوور لای خۆیەوە کۆتایی بە پرۆژە ئەتۆمییەکەی بهێنێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش سزاکانی لەسەر لابەرێت و وەك هەر دەوڵەتێکی ئاسایی مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت.

هەر لەچەند مانگی یەکەمی ئەو گۆڕانکارییەی ترەمپ لە ستافی وەزارەتی دەرەوە و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەنجامیدا، ترەمپ لە مانگی ئایاری ٢٠١٨ کشانەوەی بە تەنیای ئەمریکای لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی وڵاتانی (٥+١) لەگەڵ ئێران ڕاگەیاند و سەپاندنەوەی سزاکانی بە دوو قۆناخ بەسەر ئێراندا ڕاگەیاند، ئەوە بوو قۆناخی یەکەمی لە هەفتەی یەکەمی ئەم مانگە جێبەجێ کرد و بەنیازە لە ئۆکتۆبەری داهاتوو قۆناخی دووەمی سزاکانی بخاتە قۆناخی جێبەجێکردنەوە..

لەبەرامبەر تورکیاش کە ئەمریکا داوای ئازادکردنی قەشە ئەندرسۆن دەکات و، ماوەی

**هەر لەچەند مانگی یەکەمی ئەو گۆڕانکارییەی ترەمپ لە ستافی وەزارەتی دەرەوە و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەنجامیدا، ترەمپ لە مانگی ئایاری ٢٠١٨ کشانەوەی بە تەنیای ئەمریکای لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی وڵاتانی (٥+١) لەگەڵ ئێران ڕاگەیاند و سەپاندنەوەی سزاکانی بە دوو قۆناخ بەسەر ئێراندا ڕاگەیاند**

**لە مارتی ٢٠٠٣وە، کێشەی سەرەکیی شکستهێنانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەتایبەتیش لە عێراقی دوای ڕژێمی سەدام حوسێندا، نەبوونی پشتگیری نێودەوڵەتی بووە بۆ سیاسەتەکانی ئەمریکا**

نزیکەی دوو ساڵە ئەو قەشەیە لەلایەن تورکیاوە دەستگیر کراوە، دیسان ئیدارەی ترەمپ هەر لەم مانگەدا کۆمەڵێك سزای ئابووری بە سەر تورکیادا سەپاندووە. دیارە هەر لەم مانگەدا و دوای ئەوەی سەلمێندرا کە رووسیا گازی ژەهراوی دژی سیرگی کریبالی سیخوڕ لە بەریتانیا بەکار هێناوە، کۆمەڵێك سزای بە سەر رووسیاشدا سەپاندووە.

سزاکانی ئەمریکا بەرامبەر بەو چەند دەوڵەتانەی جیهان، سزای نێودەوڵەتی نین، بەڵام هەموو دەوڵەتانی جیهان دەخاتە بەردەم دووڕیانێك و هەر دەوڵەتێك پابەندی ئەو سزایانە نەبێت کە ئەمریکا بەسەر ئەو دەوڵەتانە سەپاندوویەتی، ئەوا دەبێت پەیوەندیی بازرگانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا کۆتایی پێبهێنێت، ئاشکراشە کە زۆر کەمن ئەو دەوڵەتانەی بتوانن بازرگانی لەگەڵ ئەمریکا بە یەکێك لەو دەوڵەتە سزادراوانە بگۆڕنەوە، بۆیە سزاکانی ئەمریکا کاریگەرییان هەیە و هەروەها لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش پەسەندن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سزاکانی ئەمریکا بۆ مەبەستێکی تایبەت دژی ئەو دەوڵەتانە دەگیرێتەبەر و ئەگەر ئەو دەوڵەتانە ئامادەبن بە دیالۆگ لەگەڵ ئەمریکا بگەنە رێککەوتن، ئەوا ئەمریکا ئامادەیە دیالۆگی راستەوخۆ بکات و رێککەوتنیان لەگەڵ ئیمزا بکات و سزاکانیش دەستبەجێ هەڵدەگیرێن.

## • سەپاندنی سزا و هێشتنەوەی دەرگای دیالۆگ بە کراوەیی

لە مارتی ٢٠٠٣وە، کێشەی سەرەکیی شکستهێنانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەتایبەتیش لە عێراقی دوای رژێمی سەدام حوسێندا، نەبوونی پشتگیری نێودەوڵەتی بووە بۆ سیاسەتەکانی ئەمریکا، بەڵام لە نیسانی ٢٠١٨وە کە ئەمریکا بە پشتگیری بەریتانیا و فەرەنسا، ڤیتۆکەی رووسیای ژێرپێ خست و پاشان بە سێ قۆڵی (ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا) هێرشیان کردە سەر سووریا، ئەم هەنگاوە پەیامێك بوو بۆ بۆ ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش کە لەمە بەدواوە ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی خۆی چاوەڕێی کۆدەنگیی ناو ئەنجومەنی ئاسایش ناکات.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: بۆچی لە ئیدارەکانی پێشتری ئەمریکا، بوونی کۆدەنگیی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ سیاسەتەکانی ئەمریکا زۆر پێویست بوو، بەڵام لە ئیدارەی ترەمپدا بوونی ئەم کۆدەنگییە ئەوەندە گرنگ نییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەو دوو پرەنسیپە دەیداتەوە کە ستراتیژیەتی ئیدارەی ترەمپ دەیداتەوە، کە ئەویش ئەوەیە ستراتیژیەتی گۆڕینی رژێمەکان چیتر ستراتیژیەتی ئیدارەی ئەمریکا نییە. هەر بۆ نموونە جۆرج دەبلیو بوش لە ٢٠٠٣ کۆدەنگیی نێودەوڵەتی پێویست بوو بۆ ئەوەی رژێمی سەدام حوسێن بڕووخێنێت، هەروەها باراك ئۆباما پێویستی بە کۆدەنگیی نێودەوڵەتی هەبوو بۆ ئەوەی رژێمی بەشار ئەسەد بڕووخێنێت، بەڵام ئیدارەی ترەمپ پێویستی بەو کۆدەنگییە نێودەوەڵەتییە نییە بۆ ئەوەی رژێمی ئەسەد بڕووخێنێت، بەڵکو کۆدەنگیی نێودەوڵەتی دەوێت بۆ ئەوەی رژێمی ئەسەد چەکی کیمیایی و بایۆلۆژی بەکار نەهێنێت، هەروەها ئەمریکا پێویستی بە کۆدەنگیی نێودەوڵەتی نییە بۆ ئەوەی رووسیا بڕووخێنێت، یان فلادیمیر پۆتین بکات بە سەرۆکێکی دیموکراتخواز، ئەو سزاکانی خۆی دەسەپێنێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە موسکۆ گازی ژەهراوی لە دژی هیچ کەسێك بەکار نەهێنێت، لەبەرامبەر تورکیاش، ترەمپ نایەوێت کە سیستەمەکەی ئەردۆگان بڕووخێنێت، بەڵکو دەیەوێت ئەو سیستەمە ئەو هاووڵاتییە ئەمریکییە ئازاد بکات کە ماوەی دووساڵە دەستگیری کردووە.

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە سەیری ئەو ئاڵۆزییە گەورەیە بکەین کە بە هۆی کشانەوەی ئەمریکا لە رێککەوتنی ئەتۆمی (٥+١)، لەنێوان تاران و واشنتۆن هاتۆتەئاراوە، دەبینین وێڕای ئەوەی سزاکانی ئەمریکا کاریگەری گەورەی لەسەر ئابووریی ئێران دروستکردووە، بەڵام شەخسی دۆناڵد ترەمپ ئامادەباشی خۆی دەربڕیوە بۆ ئەوەی دیالۆگی راستەوخۆ لەگەڵ سەرۆك کۆماری ئێران بکات و رێککەوتنێکی باشتر ئیمزا بکات.

ئەم شێوازە نوێیەی ئیدارەی ترەمپ، هەڵوێستی کۆماری چینی میللی و کۆماری رووسیای فیدراڵی، لە دوو دژبەری گەورەی سیاسەتەکانی پێشووی ئەمریکاوە گۆڕیوە بۆ

**دەوڵەتی ئێران بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکاتەوە، بەتایبەتی لەم کاتەدا کە نرخی بەرمیلێک نەوت ٧٠ دۆلاری تێپەڕاندووە، ئەوا ئەگەر سزا بخرێتە سەر فرۆشتنی نەوتی ئێران، دەوڵەتی ئێران زەرەرێکی زۆر دەکات و کاریگەری لەسەر ناوخۆی وڵاتەکەش دەبێت**

**ئێران بیر لەوە دەکاتەوە کە بە رێگەی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت ئەو دەنگە نارازییانە ئارام بکاتەوە کە لە سەرەتای ئەمساڵ رژانە سەر شەقامەکان و داوایان دەکرد، چیتر نابێت داهاتی وڵاتەکەیان بۆ بەشار ئەسەد و میلیشیاکانی حزبوڵای لوبنانی خەرج بکرێت و باشترە ئەو داهاتە بژێوی خەڵکی پێ باشتر بکرێت و بێکاری نەهێڵێت**



**ئەگەر کێشەی ئەمریکا لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی سزایان بەسەردا دەسەپێنێت، ئەو کێشەیە بێت کە سزا ئابوورییەکان بکاتە سەفقەیەک و رەفتاری ئەو دەوڵەتانە بەو شێوەیە بگۆڕێت کە خۆی مەبەستیەتی، ئەوا کێشەی ئەمریکا لەگەڵ عێراقدا ئەوەیە کە عێراق خۆی جارێ نەبووەتە ئەو دەوڵەتەی کە وەک دەوڵەت لەلایەن ئەمریکاوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت**

ناوبژیوانیی نێوان واشنتۆن و ئەو وڵاتانە بۆ ئەوەی کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن. هەر بۆ نموونە کۆماری چینی میللی وەك ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش کە بەردەوام دژی سیاسەتەکانی ئەمریکا بووە و زۆر جار لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەنگدانی رەتکردۆتەوە، بەڵام وەك بینیمان لە خاوکردنەوەی کێشەکانی نێوان کۆریای باکوور و ئەمریکا، رۆڵێکی کاریگەری گێڕا، بەوەش لوتکەی نێوان ترەمپ و کیم جۆنگ بە سەرکەوتوویی رێکخرا. لە ئێستاشدا کە رابەری شۆڕشی ئیسلامی و سەرۆك کۆماری ئێران، بە هەموو شێوەیەك دیالۆگ لەگەڵ ئیدارەی ترەمپ رەتدەکەنەوە، بەڵام رووسیا دەیەوێت هەمان ئەو رۆڵە لە نێوان تاران و واشنتۆن بگێڕێت، کە پێشتر چین لە نێوان واشنتۆن و بیونگیانگ گێڕاویەتی. هەر بۆ نموونە لە کۆبوونەوەی هەفتەی رابردووی نێوان راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا و راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی رووسیا، سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئێران لە سووریا، لایەنی رووسیا پێشنیاری ئەوەی کردووە، ئەوان ئامادەن ئێران رازی بکەن کە هێزەکانی لە سووریا بکشێنێتەوە، بە مەرجێ لایەنی ئەمریکی لە ئۆکتۆبەری داهاتوو سزا نەخاتە سەر فرۆشتنی نەوتی ئێران.

دیارە ئەم پێشنیارەی رووسیا بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئێران لە سووریا، سەرەتای هەوڵەکانە بۆ کردنەوەی دەرگای دیالۆگ لە نێوان مۆسکۆ و واشنتۆن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان تاران و واشنتۆن. دینیس روس دیپلۆماتکاری دێرینی ئەمریکا و ئەندازیاری کۆتاییهێنان بە شەڕی سارد، لە تازەترین وتاریدا لەسەر ئەم کێشەیەی نێوان ئەمریکا و ئێران جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئێران سەرەنجام لە رێگەی رووسیاوە بە دیالۆگ لەگەڵ ئەمریکا رازی دەبێت، دینیس روس ئەم پێشبینییەی گرێدەداتەوە بە شێوازی بەڕێوەبردنی سیاسەت



لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوەو ئەو پێیوایە، دەوڵەتی ئێران بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکاتەوە، بەتایبەتی لەم کاتەدا کە نرخی بەرمیلێك نەوت ٧٠ دۆلاری تێپەڕاندووە، ئەوا ئەگەر سزا بخرێتە سەر فرۆشتنی نەوتی ئێران، دەوڵەتی ئێران زەرەرێکی زۆر دەکات و کاریگەری لەسەر ناوخۆی وڵاتەکەش دەبێت، بۆیە ئێران بیر لەوە دەکاتەوە کە بە ڕێگەی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت ئەو دەنگە نارازییانە ئارام بکاتەوە کە لە سەرەتای ئەمساڵ ڕژانە سەر شەقامەکان و داوایان دەکرد، چیتر نابێت داهاتی وڵاتەکەیان بۆ بەشار ئەسەد و میلیشیاکانی حزبوڵای لوبنانی خەرج بکرێت و باشترە ئەو داهاتە بژێوی خەڵکی پێ باشتر بکرێت و بێکاری نەهێڵێت.

سەبارەت بە دیوە نەرمەکەی دیپلۆماتیەتی ئێرانیش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشەیەی ئەمریکا بە کشانەوەی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە دروستی کردووە، محەمەد جەواد زەریف (وەزیری دەرەوەی ئێران) لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە، جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران هەرگیز پرەنسیپی دیالۆگی ڕەتنەکردۆتەوە و ڕەتیشی ناکاتەوە، بەڵام کێشەکە لە ئێستادا ئەوەیە، ئایا کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ ئەمریکا لەسەر چی دیالۆگ بکات؟ گوتیشی: «کۆماری ئیسلامی لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ماوەی چەند ساڵێك دیالۆگی کردووە، هەتا گەیشتینە ئەوەی (ڕێککەوتنی ٥+١) ئیمزا بکەین، بۆیە هەر دیالۆگێکی دیکەش بکەین، لەوە زیاتر بە هیچی دی ناگەین، بۆیە ئێمە پێمانوایە کە دیالۆگ لەگەڵ ئەمریکا هیچ سوودێکی نابێت.»

محەمەد جەواد زەریف کە بە دیپلۆماتێکی نەرم ناسراوە، قسەکانی دەربڕی هەندێك هەڵوێستی کۆماری ئیسلامییە کە لە ئێستادا نایەوێت بە ڕاشکاوانە بیخاتەڕوو، لە هەمانکاتدا وەك مایك پۆمپیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمریکاش هەفتەی ڕابردوو جارێکی دیکە ئەوەی دووپات کردەوە کە

**پێش ئەوەی حکومەتی عێراق هەر هەڵوێستێک دەرببڕێت، ئەوا دەبێت ڕەشنووسی ئەو هەڵوێستە ڕەزامەندی ئەمریکای لەسەر وەرگیرابێت، ئەگەر وانەبێت و دەسەڵاتدارانی عێراق بیانەوێت وەک دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری مامەڵە لەگەڵ ئەمریکا بکەن، ئەوا بچووکترین جووڵەی سەربازی، یان دیپلۆماتیی ئەمریکی بەسە کە عێراق وەک دەوڵەت بوونی نەمێنێت**

ئەمریکا بەهیچ جۆرێك ئامانجی لەم سزایانە گۆڕینی سیستمی کۆماری ئیسلامی ئێران نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو دەوڵەتانەشی کە خۆیان بە دۆستی کۆماری ئیسلامی دەزانن، دەبنە هاندەر بۆ ئەوەی دەرگای دیالۆگ لە نێوان تاران و واشنتۆن بکرێتەوە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتانەشی خۆیان بە دۆستی کۆماری ئیسلامی ئێران دەزانن، ناچار دەبن لە نێوان ئێران و ئەمریکادا لایەکیان هەڵبژێرن، بێگومان ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، بۆیە ئەوانیش کە ناتوانن دەست لە هەموو بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەڵبگرن و پشتی ئێران بگرن، ئەوا تەنیا ڕێگە کە لەبەردەمیان دەمێنێتەوە، ئەوەیە کە هەوڵی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی ئێران بە دیالۆگ لەگەڵ ئەمریکا ڕازی بکەن. باشترین دوو نموونە لە ئێستا هەردوو دەوڵەتی سووریا و عێراقە، ئەم دوو دەوڵەتە کە خۆیان بە قەرزاری ئێران دەزانن لە شەڕی دژی داعشدا و بە ڕاشکاوی دان بەو ڕاستییەدا دەنێن، ئەگەر هەوڵەکانی ئێران نەبوایە، ئێستا ئەسەد لە دەسەڵات نەدەبوو، هەروەها ئەگەر هەوڵەکانی سوپای پاسداران نەبوایە لەوانە بوو داعش بەغدای بگرتایە، بەڵام ئێستا ئەم دوو دەوڵەتەش ناتوانن بە ڕاشکاوی ئەو بڕیارە بدەن و لە نێوان ئەمریکا و ئێران، تەنیا ئێران هەڵبژێرن، بۆیە ئەگەر سەیری هەڵوێستی حکومەتی سووریا بکەین بەرامبەر بە کشانەوەی هێزەکانی ئێران لە سووریا، ئەوا لەگەڵ ئەوەی حکومەتی سووریا بە فەرمی داوای لە ئێران نەکردووە، هێزەکانی بکێشێتەوە، بەڵام حکومەتی ڕووسیا زۆر ڕاشکاوانە لە بری حکومەتی سووریا و ئێران، لەسەر ئەم پرسە قسەی خۆی لەگەڵ ئەمریکا کردووە.

لایەنێکی دیکەی ئەم کێشەیەی نێوان واشنتۆن و تاران، لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوو ئەوەیە پێشهاتەکان بەوجۆرەن کە زیاتر بۆ بەرژەوەندیی ئەم ستراتیژە تازەیەی ئیدارەی ترەمپ بشکێتەوە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك، هۆکاری هەرە سەرەکییان ئەوەیە کە ناوچەی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناوچەیەکی ژیارییە بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەتە جیاوازەکانی جیهان، بەرژەوەندیی هەموو دەوڵەتانی جیهانیش لەوەدایە، ئەو ناسەقامگیرییەی ئێستا لەو ناوچەیەدا بوونی هەیە، بگۆڕێت بۆ سەقامگیری و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، ئەوجا لە کاتێکدا سزاکانی ترەمپ وەك هەوڵێك بۆ گێڕانەوەی سەقامگیری و بەدیلی شەڕ سەیر دەکرێت، ئەوا ئەگەر بەراورد بکرێت لە نێوان شەڕ و سەپاندنی سزا، بەبێ ناچارکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی بەو سزایانەوە پابەند بێت، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی حەتمەن سزاکانی لە شەڕێکی خوێناوی پێ باشترە.

**وەک لە ماراسۆنە دیپلۆماتییەکانی نوێنەری ئێران لە عێراقدا دەردەکەوێت، ئەمجارەیان شێوازی سەردان و پەیوەندییەکانی قاسم سولەیمانی و کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق بەگشتی و لایەنەکانی شیعە بەتایبەتی، جۆرێک لە نهێنی پێوە دیارە و بە هاوشێوەی دیدارەکانی بریت ماککورگی نوێنەری ئەمریکا لە عێراقدا ئاشکرا نین**

## ● عێراق لە نێوان چەکوشی ئێران و سندانی ئەمریکادا

ئەگەر کێشەی ئەمریکا لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی سزایان بەسەردا دەسەپێنێت، ئەو کێشەیە بێت کە سزا ئابوورییەکان بکاتە سەقفەیەك و ڕەفتاری ئەو دەوڵەتانە بەو شێوەیە بگۆڕێت کە خۆی مەبەستیەتی، ئەوا کێشەی ئەمریکا لەگەڵ عێراقدا ئەوەیە کە عێراق خۆی جارێ نەبووەتە ئەو دەوڵەتەی کە وەك دەوڵەت لەلایەن ئەمریکاوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

دیارە لەناو هەموو دەوڵەتەکانی جیهاندا، عێراق تەنیا دەوڵەتە کە ئەمریکا ناچار دەکات بەتایبەتی سیاسەتێك دابڕێژێت کە ئەویش سیاسەتی ئەمریکایە لە عێراقدا، نەك سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق، واتە پیادەکردنی سیاسەتی ئەمریکایە لە عێراقدا، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەرنجی سەردانی وەزیرانی دەرەوە و بەرگری ئەمریکا بدەین بۆ عێراق، ئەوا دەبینین شێوازی هاتنەکەیان بۆ عێراق لەگەڵ هەر وڵاتێکی دیکە جیاوازە، لە هەمانکاتیشدا ئەگەر سەیری ماراسۆنە دیپلۆماتییەکەی نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەڕی داعش لە عێراقدا بکەین کە بریت ماککورگە، دەبینین بە ئاشکرا لەسەر پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق لەگەڵ کۆی لایەنە سیاسییەکانی عێراق قسەدەکات و نەخشەی ڕێگە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو دادەڕێژێت، ئەمەش مانای ئەوەیە حکومەتی ئەمریکا ئەوجا کۆمارییەکان لە دەسەڵاتدابن، یان دیموکراتەکان، بە شێوازێکی تایبەتی مامەڵە لەگەڵ عێراق دەکەن، ڕاشکاوانەتر لە دیدی حکومەتی ئەمریکادا هێشتا عێراق نەیتوانیوە ببێتەوە بەو دەوڵەتەی کە وەك دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە سەیری هەڵوێستەکانی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە ئەمریکا بکەین، ئەوا پێش ئەوەی حکومەتی عێراق هەر هەڵوێستێك دەرببڕێت، ئەوا دەبێت ڕەشنووسی ئەو هەڵوێستە ڕەزامەندی ئەمریکای لەسەر وەرگیرابێت، ئەگەر وانەبێت و دەسەڵاتدارانی عێراق بیانەوێت وەك دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری مامەڵە لەگەڵ ئەمریکا بکەن، ئەوا بچووکترین جووڵەی سەربازی، یان دیپلۆماتیی ئەمریکی بەسە کە عێراق وەك دەوڵەت بوونی نەمێنێت.

ئەوجا ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە و بەپێی پرەنسیپی سیاسەتی تازەی ئیدارەی ترەمپ کە پرەنسیپی (قازانج و زیانە) لەگەڵ دۆست و دوژمن، پێگەی عێراق لەم هاوکێشەیەدا بخوێنینەوە، ئەوا لە ئێستادا عێراق پێویستی بەوە هەیە بە ڕەزامەندی خۆی پاشکۆیەتی سیاسەتی ئەمریکا قبووڵ بکات، نەك ئەمریکا پێویستی بەوە بێت خۆی لە گەڵ عێراق ماندوو بکات.

پرەنسیپی سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ بەرامبەر بە عێراق، لەسەر ئەو بنەمایە خەریکە گەڵاڵە دەکرێت، کە دەبێت ئەو سیاسەتە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، شەڕی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣وە بێجگە لەو هەموو قوربانییانەی بە گیانی ئەمریکییەکان دراوە، زیاتر لە ٣ ترلیۆن دۆلاریشی تیا خەرجکراوە، ئایا سوودی ئەم شەڕە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا چی بووە؟ ئەم پرسیارە کە کۆی ئیدارەی ترەمپی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، وەڵامەکەی ئەوەیە ئەگەر عێراق دوای ئەو هەموو قوربانی و ئەو ٣ ترلیۆن دۆلارەی تێیدا خەرجکراوە، نەبێتە دەوڵەت و وەك دەوڵەتێکی هاوچەرخ نەبێتە شەریکی ڕاستەقینەی ئەمریکا و نەتوانێت خۆی بەڕێوەبەرێت، ئەوا ئەمریکا هیچ مەجبوور نییە کە زیاتر خۆی لەگەڵدا ماندوو بکات و وەك جەستەیەکی مردوو بە شانی خۆیدا هەڵیبواسێت. ڕاشکاوانەتر چۆن ئیدارەی ئەمریکا توانی ئەو بڕیارە بدات کە دروستکردنی دیوارێك بە درێژایی سنوور لەگەڵ مەکسیك دەست پێ بکات بۆ ئەوەی خۆی لە کێشەی پەنابەرانی نایاسایی ئەو وڵاتە دوور بخاتەوە و دیوارەکەش نزیکەی ١,٥ ملیار دۆلاری تێدەچێت، بەهەمان شێوە دەتوانێت دیوارێکی دیپلۆماتی و سیاسیش لەنێوان ئەمریکا و عێراق دروست بکات و خۆی لە کێشەکانی عێراقیش ڕزگار بکات.

لەبەرامبەر ئەمەدا ئەگەر سەیری کاریگەریی ئێران لەسەر حکومەتی داهاتووی عێراق بکەین، دیارە وەك لە ماراسۆنە دیپلۆماتییەکانی نوێنەری ئێران لە عێراقدا دەردەکەوێت، ئەمجارەیان شێوازی سەردان و پەیوەندییەکانی قاسم سولەیمانی و کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق بەگشتی و لایەنەکانی شیعە بەتایبەتی، جۆرێك لە نهێنی پێوە دیارە و بە هاوشێوەی دیدارەکانی بریت ماککورگی نوێنەری ئەمریکا لە عێراقدا ئاشکرا نین، ئەم شێوازەی ئێران لە پەیوەندیکردنی بە لایەنە عێراقییەکانەوە چەند تەفسیرێکی هەیە، هەندێك لە چاودێران وا بۆی دەچن کە ئێران نایەوێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا ڕۆڵی لە پێکهێنانی حکومەتی عێراقدا هەبێت، لەبەر ئەوەی هەر کەسێك لەنێو لایەنە شیعەکانی عێراق ببێتە سەرۆك وەزیرانی عێراق ناتوانێت دژی بەرژەوەندییەکانی ئێران بڕیار بدات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە شێوازی بڕیاردان لەناو ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا، بەپێی زۆرینە و کەمینەیە، لەم حاڵەتەشدا ئەگەر شەخسی سەرۆك وەزیرانیش لایەنگری بەرژەوەندییەکانی ئێران نەبێت، ئەوا بەشی زۆری وەزیرەکان (بەتایبەتی وەزیری لایەنە شیعەکان) سەر بەو لایەنانە دەبن کە لایەنگری بەرژەوەندییەکانی ئێرانن لە عێراقدا.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر سەیری هەوڵی لایەنە شیعەکان بکەین بۆ پێکهێنانی گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانی، دەبینین لە دوای ٧ی ئەم مانگەوە کە حەیدەر عەبادی ڕایگەیاند پابەند دەبن بە سزاکانی ئەمریکاوە لەسەر ئێران، ئەوا هەڵکشانێکی سەیر لە هەوڵەکانی هەردوو لیستی دەوڵەتی قانوون بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی و لیستی فەتح بە سەرۆکایەتی هادی عامری هاتۆتەئاراوە، ئەوان بە ئاشکرا بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن لە دروستکردنی گەورەترین فراکسیۆن نزیك بوونەتەوە، دیارە چاودێران هەڵکشانی ڕۆڵی هەردوو لیستی (قانوون و فەتح) وەك کاریگەریی ئێران بە دژی حەیدەر عەبادی سەیر دەکەن، لەبەرامبەریشدا کە سەیری

**هەر کەسێک لەنێو لایەنە شیعەکانی عێراق ببێتە سەرۆک وەزیرانی عێراق ناتوانێت دژی بەرژەوەندییەکانی ئێران بڕیار بدات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە شێوازی بڕیاردان لەناو ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا، بەپێی زۆرینە و کەمینەیە، لەم حاڵەتەشدا ئەگەر شەخسی سەرۆک وەزیرانیش لایەنگری بەرژەوەندییەکانی ئێران نەبێت، ئەوا بەشی زۆری وەزیرەکان (بەتایبەتی وەزیری لایەنە شیعەکان) سەر بەو لایەنانە دەبن کە لایەنگری بەرژەوەندییەکانی ئێرانن لە عێراقدا**

**ئێستا هەناردەی نەوتی ئێران بۆ دەرەوە ٤,٧ ملیۆن بەرمیل نەوتە لە رۆژیکدا، ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین، ئەم رێژەیە بەهۆی سزاکانی ئەمریکاوە دابەزی بۆ نیوە، واتە ٢,٣٥ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، ئایا ئێران تەنیا لەیەک مانگدا چەند زەرەر دەکات؟ بیگومان ئەگەر بە نرخی ئێستای نەوت حیسابی بکەین، ئەوا ئێران مانگانە نزیکەی ٥ ملیار دۆلار و ساڵانە نزیکەی ٦٠ ملیار دۆلار زەرەر دەکات**

**ئێران باش دەزانێت کە بە پشتبەستن بە بارزگانی لەگەڵ عێراق ناتوانێت قەرەبووی زیانی سزا ئابوورییەکانی بکاتەوە، بۆیە کارتی بارزگانیی ئێران لەگەڵ عێراق، لەلایەن ئەمریکا و ئێرانیشەوە وەک کارتێکی لاوەکی سەیر دەکرێت و نابێتە جێگەی بایەخێکی ئەوتۆ کە هیچ لایەکیان گرەوی لەسەر بکەن، بەڵام وەک کارتێکی راگەیاندن کاری پێدەکەن و شێوازێک لە مانۆڕی سیاسی پێ دروست دەکەن**

لێدوانەکانی ئەم چەند رۆژی رابردووی د.حەیدەر عەبادی دەکەینەوە سەبارەت بە سزاکانی ئەمریکا لە دژی ئێران، دەبینین قسەکانی عەبادییش جۆرێك لە پاشەکشەی پێوە دیارە و راشکاوانە دەڵێت، بڕیارەکەمان تەنیا دراوی قورس (دۆلار) دەگرێتەوە و ناتوانرێت رێگە لە بارزگانی نێوان عێراق و ئێران بگرێت و دەبێت ئەمریکاش ئەمە وەك حاڵەتێکی تایبەتی سەیر بکات.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەم گوشارانەی ئێران لەسەر پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، تەنیا مانۆڕێکە دژی هەوڵەکانی ئەمریکا لە عێراقدا، یاخود ئێران مەبەستێتی بە درێژەدان بە بارزگانی لەگەڵ عێراقدا قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە کە لە ئاکامی سزاکانی ئەمریکا رووبەڕووی دەبێتەوە؟ ئەگەر بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پەنا بۆ داتاکان بەرین و بپرسین: ئایا قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان عێراق و ئێران ساڵانە چەندە؟ ئەوا بەپێی ئەو ئامارانەی کە پاشکۆی بازرگانی کۆماری ئیسلامی بڵاوی کردۆتەوە، نزیکەی ١٣ ملیار دۆلارە ساڵانە، باشە ئەگەر ئەم داتایە لەگەڵ داتایەکی دیکە بەراورد بکەین، کە ئێستا هەناردەی نەوتی ئێران بۆ دەرەوە ٤,٧ ملیۆن بەرمیل نەوتە لە رۆژیکدا، ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین، ئەم رێژەیە بەهۆی سزاکانی ئەمریکاوە دابەزی بۆ نیوە، واتە ٢,٣٥ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا، ئایا ئێران تەنیا لەیەك مانگدا چەند زەرەر دەکات؟ بێگومان ئەگەر بە نرخی ئێستای نەوت حیسابی بکەین، ئەوا ئێران مانگانە نزیکەی ٥ ملیار دۆلار و ساڵانە نزیکەی ٦٠ ملیار دۆلار زەرەر دەکات .

لێرەوە ئەگەر ئەم ئاراستەیە لەسەر عێراق وێنا بکەین و گریمانەی ئەوە بکەین، عێراق پابەند نابێت بە سزاکانی ئەمریکاوە لەسەر ئێران، ئەوا لەم حاڵەتەدا ئەمریکا دەبێت بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ عێراق بکات، واتە سزا بخرێتە سەر فرۆشتنی نەوتی عێراق، ئەمە لە کاتێکدا بودجەی عێراق بە رێژەی زیاتر لە ٩٠٪ پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت، ئایا لەم حاڵەتەدا عێراق چی بەسەر دێت؟ بێگومان تەواوی بوارەکانی ژیان لە عێراقدا پەکی دەکەوێت و هیچ خزمەتگوزارییەك بوونی نامێنێت.

ئەم واقیعە ئەوەمان پێدەڵێت، کە ئەگەر حەیدەر عەبادی، یان نوری مالیکی، یان تەنانەت هادی عامرییش سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق بن، ناتوانن ئەو بڕیارە بدەن کە پابەندنابن بە سزاکانی ئەمریکاوە بۆ سەر ئێران، ئەگەر لایەنی ئەمریکی مەبەستیان بێت، دەبێت عێراق پابەند بێت بەو سزایانەوە، هەروەها لایەنی ئێرانیش باش دەزانێت کە بە پشتبەستن بە بارزگانی لەگەڵ عێراق ناتوانێت قەرەبووی زیانی ئەو سزایانە بکاتەوە، بۆیە کارتی بازرگانیی ئێران لەگەڵ عێراق، لەلایەن ئەمریکا و ئێرانیشەوە وەك کارتێکی لاوەکی سەیر دەکرێت و نابێتە جێگەی بایەخێکی ئەوتۆ کە هیچ لایەکیان گرەوی لەسەر بکەن. بەڵام وەك کارتێکی راگەیاندن کاری پێدەکەن و شێوازێك لە مانۆڕی سیاسی پێ دروست دەکەن.

لەم راستەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناو واقیعی پرۆسەی سیاسی لە عێراق بەگشتی و هەروەها واقیعی پرۆسەی سیاسی لەناو لایەنەکانی شیعەی عێراقدا بەتایبەتی، ئەوا پێش هەموو شت پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا پرۆسەیەکی سەرکەوتوو نییە و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق (بە کورد و سوننە و شیعەوە) ناتوانن لەناو ئەو پرۆسەیەدا بوونێکی ئاساییان هەبێت، بەڵکو پرۆسەکە زیاتر هەژموونی لایەنە شیعەکانی بەسەرەوەیە و ئەوەی ئەوان بڕیار بدەن، ئەوا پرۆسە سیاسییەکە بەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵدەگرێت، لەم لایەنەوە و پێش هەموو شت ئەم پرۆسەیە پێویستی بە دووبارە رێکخستنەوە هەیە بۆ ئەوەی هاوسەنگی و شەراکەت و پێکەوەسازانی بۆ بگەڕێتەوە کە ئێستا ئەمە لەناو پرۆسەکەدا بوونی نییە.

لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی لایەنە شیعەکانی عێراقیش، هەموو لایەنە سیاسییەکانی شیعە بە حزب و هاوپەیمانییەکانیشانەوە بە هەمان شێوە و تێڕوانینی کۆماری ئیسلامی ئێران سەیری ئەمریکا دەکەن، ئەوجا ئەگەر لەناو خۆیاندا بۆچوونی جیاوازیشیان هەبێت، ئەوا ئەو جیاوازییە لەسەر ئەو بنەمایە نییە کە ئەم هاوپەیمانییەی شیعە دۆستی ئەمریکایە و ئەوی دیکەیان دژی ئەمریکایە، بەڵکو جیاوازییەکەیان لەسەر جیاوازیی ئایدیۆلۆژی



مەزهەبیی خۆیانە، هەر بۆ نموونە ئێستا لە شەقامی سیاسی عێراقیدا، هەردوو لیستی (قانون وفەتح) وەك دوو لیستی نزیك لەئێران ئاماژەیان پێدەکرێت، بەڵام لەبەرامبەردا لیستی سائیرون هەیە کە ئەمیان دەڵێن کەمتر لە ئێران نزیکە، بەڵام لیستی سائیرون کە موقتەدا سەدر سەرۆکایەتی دەکات، زۆر لە نوری مالیکی و هادی عامری زیاتر دژی ئەمریکا بووە و نەك هەر دژایەتی کردووە، بەڵکو شەڕی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا کردووە، بۆیە ئەگەر ئەمریکا گرەو لەسەر ئەوە دەکات حەیدەر عەبادی لە ئێران دوورە و نوری مالیکی و هادی عامری لە ئێران نزیکن، ئەوا نوری مالیکی هەر ئەو کەسەیە کە لە ساڵی ٢٠١٠ ئەمریکا شەڕی لەسەر دووبارە دانانەوەی بە سەرۆك وەزیرانی دەکرد و پێیوابوو، ئەو لە هەموان زیاتر لە ئەمریکا نزیکترە و عێراق دەکاتە هاوبەشێکی راستەقینەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا.

کەواتە لەناو ئەم واقیعەدا، پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق بەرەو کام ئاراستە هەنگاو هەڵدەگرێت؟ یان ئەگەر واقیعە سیاسییەکە بەم شێوەیە بێت، لایەنی ئەمریکی چۆن مامەڵە لەگەڵ حکومەتی داهاتووی عێراق دەکات؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بەوە هەیە کە جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ ئەو پرەنسیپانەی ستراتیژیەتی سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ دیاری دەکات، کە ئەویش راشکاوانە ئەوەیە، ئیدارەی ترەمپ کێشەی لەگەڵ ئەوە نییە شیعەی عێراق ئەم دەوڵەتە بەرەو دەوڵەتێکی دیموکراتی دەبەن، یان بەرەو دەوڵەتێکی ئیسلامی، بەڵکو ئەوەی ئیدارەی ترەمپ مەبەستێتی ئەوەیە ئەم حکومەتە چۆن رەفتار لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا لەناوچەکە دەکات و چۆن پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا رێکدەخاتەوە، بۆ ئەمەش لە ئێستادا ئیدارەی ترەمپ چاوەڕێی ئەوە دەکات ئەو سزایانەی لەسەر ئێران داینـاون، ئاکامەکەی بەرەو کوێ دەگات و ئەگەر کەوتنە دیالۆگ لە سەر چ بنەمایەکی تازە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی رێککەوتن دەکەن، ئەگەر بەو ئاراستەیە شکایەوە کە ئیدارەی ترەمپ نەخشەی بۆ داناوە، ئاوا مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی داهاتووی عێراق بۆ ئەمریکا کارێکی زۆر ئاسان دەبێت.

**ئێران باش دەزانێت کە بە پشتبەستن بە بازرگانی لەگەڵ عێراق ناتوانێت قەرەبووی زیانی سزا ئابوورییەکانی بکاتەوە، بۆیە کارتی بازرگانیی ئێران لەگەڵ عێراق، لەلایەن ئەمریکا و ئێرانیشەوە وەک کارتێکی لاوەکی سەیر دەکرێت و نابێتە جێگەی بایەخێکی ئەوتۆ کە هیچ لایەکیان گرەوی لەسەر بکەن، بەڵام وەک کارتێکی راگەیاندن کاری پێدەکەن و شێوازێک لە مانۆڕی سیاسی پێ دروست دەکەن**

دیمانەی تایبەت



## جێفری ڤاندێن بێرگ

بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی دروری بۆ گوڵان:

# سزا ئابوورییەکان ئەو کاتە کاریگەر دەبن کە هەمەلایەن بن و لە رێی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانەوە بسەپێندرێن

**جێفری ڤان دێن بێرگ، پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە بەشی زانستی سیاسی و کاروباری نێودەوڵەتیی لە زانکۆی درووری. بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ. لە توێژینەوەکانیدا تەرکیز لەسەر چەند پرسێکی گرنگ دەکات، وەك سیاسەتی وڵاتانی عەرەبی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە میانەی دیمانەیەکدا گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە پەنابردنەبەر سەپاندنی سزای ئابووری لەلایەن ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ وەك ئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەکەی، لەگەڵ شرۆڤەکردنی دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پەیوەندی بە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپەوە لە ئاست ئەم ناوچەیە و چەند پرسێکی پەیوەندیداری دیکە، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** هەروەك دەزانین بەم دواییە ئیدارەی ترەمپ فشار و سزای ئابووری بەسەر چەند وڵاتێکدا سەپاند، لە نێویاندا ڕووسیا و تورکیا و ئێران، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن لە سەپاندنی سزای ئابووری وەك ئامرازێکی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەکی لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە دەڕوانیت؟**

- بێگومان لە نێو ئەدەبیاتی پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکاندا مشتومڕێکی زۆر هەیە لەبارەی کارایی پەنابردنەبەر سەپاندنی سزای ئابورییەوە و لەم ڕووەوە دەرئەنجامێکی ڕوون بەدەست نەهاتووە. چونکە لەلایەك سەپاندنی سزای ئابووری ئامرازێکە بەهۆیەوە ئێش و ئازار بە هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە دەگەیەنێت کە سزاکەی بەسەردا دەسەپێنێت، لە کاتێکدا ئەو کەسانە و ئەو هاووڵاتیانە بەشدار نین لە پرۆسەی بڕیارسازی وڵاتەکەیاندا، واتە ئازار بە خەڵکەکە دەگەیەنێت، نەك بە سەرکردەکان. کەواتە سەپاندنی سزا ئابوورییەکان لایەنێکی ئەخلاقی هەیە. هەروەها لایەنێکی دیکە پەیوەستە بەوەی ئایا تا چەند ئەمە ئامرازێکی کاریگەر و کارایە، بە زۆری ئەو سزایانە کاریگەرن کە هەمەلایەنن و لە ڕێی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانەوە جێبەجێ دەکرێن، بۆ نموونە وەك ئەو سزایانەی بەسەر ڕووسیادا سەپێندران، دوای داگیرکردنی کریمیا، کەواتە ئەو کاتە سزاکان کاریگەر دەبن کە هەمەلایەن دەبن و ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی وڵاتە بە ئامانجگیراوەکە ناچار بێت هەڵوێستەکانی خۆی هەموار بکاتەوە. کەواتە کێشەکە لەسەپاندنی سزای تاکلایەنانەدایە، بە چەشنی ئەوەی ئێستا ئیدارەی ترەمپ جێبەجێی دەکات، بەڵام سزا هەمەلایەنەکان زیاتر ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت کە کاریگەرییان هەبێت. بۆ نموونە ئەو سزایانەی لە ئێستادا ئەمریکا دەیانسەپێنێت

**بارودۆخەکە بە شێوەیەکی گشتی و لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەدا لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە لەرزۆکە و ڕەوشە سیاسییەکە بەرەو خراپتر دەچێت**

**لە حاڵەتی دروستبوونی هاوپەیمانێتییەکی ئەمنیدا کە عێراق بخاتە بەردەم بژاردەی ئەوەی یان دەبێت لەگەڵمان بیت، یان دژمان، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە عێراق پتر خۆی لە ئێران نزیکتر ببینێت**

بەسەر تورکیادا –ئەگەرچی تورکیا پێشتریش ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی ئابووری بووەتەوە- کە بە من دووری دەزانم ببێتەهۆی ئەوەی تورکیا ئاڵای سپی هەڵبکات و ڕایبگەیەنێت ئێمە هەموو ئەو هەنگاوانە دەنێین کە ئەمریکا داوامان لێدەکات. هۆکارەکەش هەروەك ئاماژەم پێکرد ئەوەیە کە سزا ئابوورییەکە تاکلایەنانە بەسەر تورکیادا سەپێندراون. هۆکاری کاریگەربوونی سزا هەمەلایەکانیش ئەوەیە کە وەك سزای شەرعی لێیان دەڕوانرێت، لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانەوە جێبەجێ دەکرێن و بڕیاریان لەبارەوە دەدرێت و بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتیش دەردەکرێن، واتە بەو شێوەیە لێکنادرێتەوە کە وڵاتێك بەرژەوەندییەکانی خۆی بەسەر وڵاتێکی دیکەدا سەپاندبێت. هەروەها من دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی دیکە بکەم لێرەدا، ئەویش ئەوەیە کە ئەو سزایانەی دۆناڵد ترەمپ سەپاندوونی پتر بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییە سیاسییەکانییەتی لەسەر ئاستی ناوخۆ و کەمتر پەیوەستە بە هێنانەدی و پەرەپێدانی ئامانجەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی یان بە بەرژەوەندییە جیهانییەکانەوە. بۆ نموونە ڕێکارەکانی ئیدارەی ترەمپ لە ئاست کەنەدا و ئەوروپا – کە هاوپەیمانی ئەمریکاشن-، وەك زیادکردنی گومرگ، پتر بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییە سیاسییە ناوخۆییەکانیەتی و هیچ پەیوەندییەکی نییە بە هێنانەدی دادپەروەرییەوە لە بواری بازرگانیدا. هەموو ئەمانەش بە مانای ئەوە نایەت کە لە میانەی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەکیدا هیچ بوارێك بۆ بەکارهێنانی سزا و پاداشتی ئابووری لە ئارادا نییە، بەڵام بۆ ئەوەی کاریگەر بێت، ئەوا دەبێت هەمەلایەنە بێت.

*** باشە ئەگەر بێینەسەر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسیاری ئەوە بکەین ئایا چۆن لە ڕەوشی ئەم ناوچەیە دەڕوانیت؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە پرسیارێکی گەورەیە، بەڵام هەرچونێك بێت دەتوانین چەند دەرئەنجامێك بخەینەڕوو، پێموایە لەم ڕۆژانەدا بارودۆخەکە بە شێوەیەکی گشتی و لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەدا لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە لەرزۆکە و ڕەوشە سیاسییەکە بەرەو خراپتر دەچێت لەم وڵاتانەدا- ئەگەرچی ئاست و ئەندازەی تێکچوونی ڕەوشەکە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە.

*** ئەی چۆن لە سیاسەتی نوێی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاست ئێراندا دەڕوانیت، بەتایبەتی لە دوای بڕیارەکەی ئیدارەکەی دۆناڵد ترەمپەوە بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە هەبێت لە ئاست ئێراندا و بەتایبەتی بڕیاری کشانەوەی لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، ئەوا دەتوانم بڵێم کە بە گوێرەی مەزەندە و دەرئەنجامی دەزگا هەواڵگرییەکانی خودی ئەمریکا و وڵاتە ئەوروپییەکان، ئێران پابەند بووە بە ڕێککەوتنەکەوە، کەواتە بڕیارەکەی ئەمریکا بۆ کشانەوە لەم ڕێککەوتنە- سەرەڕای پابەندبوونی ئێران پێیەوە- مایەی گرفت و کێشەیە، چونکە گومان لەسەر میسداقیەتی ئەمریکا دروست دەکات لە پەیوەندی بە جێبەجێکردنی پابەندبوونەکانیەوە. هەرچۆنێك بێت، دەبێت ئێمە ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت کە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بە شێوەیەکی دیاریکراوی پەیوەست بوو بە جڵەوگیرکردنی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین ڕێککەوتنەکە سەرکەوتوو بوو. بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە ڕەفتار و هەڵوێستەکانی دیکەی ئێران مایەی گیروگرفت نەبوون لە ڕوانگەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئەمریکاوە. بەڵام ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ڕەفتارانە ئەنجام نەدرا، بەڵکو ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو بوو کە پەیوەست بوو بە پرۆگرامی پەرەپێدانی ئەتۆمییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین بڵێین کە دۆخی ناوچەکە خراپتر دەبێت ئەگەر بێتو ئێران لەو ڕێککەوتنە بکشێتەوە وەك لەوەی پێیەوە پابەند بێت. دووبارەی دەکەمەوە ئەم ڕێککەوتنە هەموو کێشەکانی ناوچەکە چارەسەر ناکات، وەك پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی عەرەبی، بەڵام هەرچۆنێك بێت مانەوەی ئێران لەو ڕێککەوتنەدا باشترە وەك لە پاشەکشەلێکردنی. ڕاستە ئەو مشتومڕە دەکرێت کە ئەگەر ئێران ئەم کارە بکات، ئەوا دەرگا دەکرێتەوە بە ڕووی دروستکردنی هەموو چەشنە گوشارێك لەسەری.

بەڵام پێموانییە ئەمە سیاسەتێکی سەرکەوتوو و کارا بێت، چونکە ئێران وڵاتێکی بەهێز و دەستڕۆیشتووترە لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، لەبەر ئەوە باشترە مامەڵە لەگەڵ ئێراندا بکرێت لەو بوارانەی ئەگەری ئەوە هەیە ڕێککەوتنیان لەبارەوە بکرێت و لەو بوارانەشدا کە ناتوانرێت ڕێککەوتنە بکرێت، ئەوا ڕاستەوخۆ کاریان لەبارەوە بکرێت، بە چەشنێك ڕێگری لە ئێران بکرێت کە پەرە بە پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی بدات. دواتر دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە سەرجەم لایەنەکانی دیکەی ڕێککەوتنەکە- جگە لە ئەمریکا- خوازیاری بەردەوامبوونی ڕێککەوتنەکەن و دەیانەوێت پێوەی پابەندبن و ئەمریکا لەم ڕووەوە هاوهەڵوێستی نییە، کەواتە یەکێك لە دەرئەنجامەکانی- بڕیاری کشانەوە لە ڕێککەوتنەکە- گۆشەگیربوونی زیاتری ئەمریکایە نەك ئێران. ئەمەش دەقاودەق پێچەوانەی ئەو دەرئەنجامە خوازراوە بوو کە ئەمریکا ویستی بەهۆی ئەم بڕیارەوە بێتەدی.

*** بەڵام ئاشکرایە ئێستا ئەمریکا لە دوای بڕیاری کشانەوە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە فشارێکی ئابووری زۆری لەسەر ئێران دروست کردووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێران توانای بەرگەگرتنی ئەم سزا ئابوورییانەی هەیە، یاخود لە کۆتاییدا هەڵوێست دەگۆڕێت و ئامادە دەبێت بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا؟**

- من دەڵێم ئەمە ئەگەرێکی دوورە کە سەپاندنی ئەو گوشارانە ئەم دەرئەنجامەی لێبکەوێتەوە- مەبەستم ئەوەیە من بە دووری دەگرم ئێران ناچار بێت بگەڕێتەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ-، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك: سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە دابەشبوونی سیاسی لە نێو هەموو وڵاتێکدا هەیە بە ئێرانیشەوە، واتە هەڵوێست و تێڕوانینی جیاواز لە نێو سەرکردایەتی سیاسی ئێراندا هەیە لەبارەی ئەوەی ئایا پێویستە ئێران دەست بە گفتوگۆ بکاتەوە لەگەڵ ڕۆژئاوادا و بگاتە ڕێککەوتن، یاخود دەبێت ئێران ڕێچکەیەکی سەختگیرانە بگرێتەبەر. کە ئێمە دەزانین سەرۆك ڕۆحانی سەرکێشییەکی زۆری کرد بە گرتنەبەری ڕێچکەی گفتوگۆ و گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئەمریکا-کە ڕووبەڕووی فشاری زۆریش بووەوە-، بەڵام ئێستا کە ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران کشاوەتەوە، ئەوا ئەمە بۆتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی ئەو کەسانەی نێو ئێران کە هەڵوێستی سەختگیرانە دەگرنەبەر کە بانگەشەی ئەوە دەکەن، ناکرێت متمانە بە ڕۆژئاوا و بە ئەمریکا بە دیاریکراوی بکرێت. لەبەر ئەوە تاوەکو فشاری زیاتر لەسەر ئێران بکرێت، ئەوا پێگەی ئەم کەسانە بەهێزتر دەبێت و ئەو کاتە دژوارتر دەبێت بۆ میانڕەوەکان ئەگەر بیانەوێت سازش بکەن. کەواتە تاوەکو ئەمریکا گوشاری زیاتر لەسەر ئەو وڵاتە دابنێت، ئەوا بەرەی ناسیۆنالیستی و موقاوەمەت بەهێزتر دەکات لەو وڵاتەدا.

*** باشە ئەگەر فشارەکان دەرئەنجامی پێچەوانەیان لێبکەوێتەوە، ئەی دەبێت بە چ شێوەیەکی مامەڵە لەگەڵ ئێراندا بکرێت؟**

- من کە ئەمە دەڵێم مەبەستم ئەوە نییە بە تەواوەتی دەست لە ڕێچکەی سەپاندنی فشار هەڵبگیرێت، یاخود ڕێگا بە ئێران بدرێت بۆ ئەوەی هەرچی دەیەوێت بەدەستی بهێنێت. بەڵام ئەگەر ستراتیژییەتەکەت تەنیا بریتی بێت لە سەپاندنی سزا و فشار و بێ ڕەچاوکردنی ئەگەری گفتوگۆکردن، ئەوا ستراتیژیەتێکی سەرکەوتووت پیادە نەکردووە و هیچ کاتێك ئەمە سەرکەوتوو نەبووە. لەوەش زیاتر و لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە ئێستا ئەمریکا بە تەنیا مومارەسەی ئەم گوشارانە دەکات- بە دڵنیاییەوە هەندێ لە وڵاتانی عەرەبیش هاوڕا و هاوهەڵوێستن لەگەڵ ئەمریکا، وەك سعودیە و ئیمارات- بەڵام من لێرەدا مەبەستم هێزە جیهانییەکانە، واتە نە ئەوروپا و نە ڕووسیا و نە چین نایانەوێت زۆرترین فشار لەسەر ئێران دروست بکەن و ئەمریکاش ئەو توانایەی نییە کە بە تەنیا ئەم فشارە دروست بکات. واتە ڕاستە ئەمریکا لە ڕووی ئابوورییەوە بەهێزە، بەڵام ئێرانیش بژارەی دیکەی هەیە، لەبەر ئەوە من سەرکەوتنی ئەم ستراتیژیەتە بە دوور دەزانم. بۆیە وەك وەڵامی پرسیارەکەتان دەڵێم شێوازی سەرکەوتووی مامەڵەکردن ئەوەیە کە تێکەڵێك بێت لە سەپاندنی سزا و پاداشتکردنەوە

**ئێستا کە ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێران کشاوەتەوە، ئەمە بۆتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی ئەو کەسانەی نێو ئێران کە هەڵوێستی سەختگیرانە دەگرنەبەر کە بانگەشەی ئەوە دەکەن ناکرێت متمانە بە ڕۆژئاوا و بە ئەمریکا بە دیاریکراوی بکرێت**

**کۆبوونەوەی لوتکەی نێوان سەرۆک ترەمپ و سەرۆک ئۆن پتر پەیوەست بوو بە کەسایەتی ئەو دوو سەرۆکەوە، کە زیاتر حەز بە خۆدەرخستن دەکەن، واتە ئەگەرچی یارمەتیدەر بوو بۆ هێورکردنەوەی بارگرژییەکان بەڵام بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی لە پرسی داماڵینی چەکی ناوکی لە کۆریای باکوور دروست نەکرد**

**ئێران وڵاتێکی جیاوازە لە کۆریای باکوور، واتە ئەگەرچی هەردوو دەوڵەتەکە حوکمڕانییەکی خۆسەپێنیان تێدا دەکرێت، بەڵام لە رووی سیاسییەوە ئێران وڵاتێکی ئاڵۆزترە**

لەسەر هەڵوێستە باشەکان، مەبەستم ئەنجامدانی گفتوگۆیە لەو بوارانەی کە بەرژەوەندیی هاوبەشمان هەیە، هاوشان بە درێژەدان بە فشارخستنەسەر ئێران لە پەیوەندی بە بوارەکانی دیکەوە، وەك پشتیوانیکردن لە تیرۆر.

*** باشە پێشبینی دووبارەبوونەوەی سیناریۆی کۆریای باکوور ناکەیت لەگەڵ ئێراندا، مەبەستم لە ئەگەری ئەنجامدانی کۆبوونەوەی لوتکەی نێوان هەردوو سەرۆك ترەمپ و رۆحانی؟**

- ئەمە رێی تێدەچێت، بەڵام من بە دووری دەزانم، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك. ئێمە دەزانین ئێران وڵاتێکی جیاوازە لە کۆریای باکوور، واتە ئەگەرچی هەردوو دەوڵەتەکە حوکمڕانییەکی خۆسەپێنیان تێدا دەکرێت، بەڵام لە رووی سیاسییەوە ئێران وڵاتێکی ئاڵۆزترە بە بەراورد بە حوکمڕانیی تاکەکەسی و دیکتاتۆری کۆریای باکوور. بۆ نموونە سەرۆك کیم جۆن ئۆن، دەتوانێت هەر کارێك ئەنجام بدات کە دەیەوێت، بەڵام مەسەلەکە، یان ژینگە سیاسییەکە لە ئێران زۆر ئاڵۆزترە. لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە وێنای ئەوە بکەین کە هیچ یەکێك لە سەرکردەکانی ئێران بیانەوێت هەمان رێچکەی سەرۆکی کۆریای باکوور بگرنەبەر. تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە زەمانەتی بەرەوپێشچوون لە چەند پرسێکدا دەستەبەر بکرێت. دواتر کۆبوونەوەی لوتکەی نێوان سەرۆك ترەمپ و سەرۆك ئۆن پتر پەیوەست بوو بە کەسایەتی ئەو دوو سەرۆکەوە، کە زیاتر خوازیارن مەسەلەکان بکەنە مەسەلەی شەخسی و پتر حەز بە خۆدەرخستن دەکەن، واتە ئەگەرچی ئەو لوتکەیە یارمەتیدەر بوو بۆ هێورکردنەوەی بارگرژییەکان بەڵام بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی دروست نەکرد لە پرسی داماڵینی چەکی ناوکی لە کۆریای باکوور. لەلایەکی دیکەوە ئێمە دەزانین کە رۆژگارێکی دوورودرێژ تێپەڕیوە کە کۆبوونەوەی بەرپرسی باڵای نێوان ئەمریکا و ئێران روونەداوە، بەو پێیە هەر کۆبوونەوەیەکی لەم چەشنە رووبدات، ئەوا بیرۆکەیەکی باشە، بەڵام من روودانی ئەمە بە ئەگەرێکی دوور دەبینم.

*** ئێوە دەڵێن ئەمریکا بە تەنیا گوشار دەخاتەسەر ئێران، بەڵام بەم دواییە قسەوباس لەبارەی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی ناوچەیی- بە سەرۆکایەتی ئەمریکا- کرا بۆ مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ئێران، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- من نازانم سرووشتی ئەو هاوپەیمانێتییە چۆن دەبێت، بەڵام ئەوەی بەدی دەکەین ئەوەیە کە هاوپەیمانێتییەکی بەهێز-بەڵام نارەسمییە، چونکە چوارچێوەیەکی رێکخراوەیی وەرنەگرتووە و تەنیا لە نێوان ئەمریکا و چەند وڵاتێکی ناوچەکە، وەك سعودیە و ئیمارات بە مەبەستی ئیحتیواکردنی ئێران بووە، کەواتە حاڵی حازر هاوپەیمانێتیەك لە ئارادایە، بەڵام ئەگەر پرسیاری ئەوە بکرێت ئایا سیفەتی رەسمی وەردەگرێت، ئەوا من دڵنیا نیم- ئەگەرچی بێگومان سعودیە خوازیارە ئەمە رووبدات-. هەرچۆنێك بێت لە ئێستادا لە نێو ئەو وڵاتانەدا هەماهەنگییەك هەیە، بەڵام من دڵنیا نیم کە چوارچێوەیەکی رێکخراوەیی وەردەگرێت یان نا، بۆ نموونە ئایا دەبێتە هاوپەیمانێتییەکی ئەمنی کە راستەوخۆ ئێران بکاتە ئامانج یان نا.

*** باشە پێتوایە پێگەی عێراق لەم نێوەندەدا چی دەبێت؟**

- بە دڵنیاییەوە دەبێت هەڵوێستی عێراق لەبەرچاو بگیرێت، هەرچەندە لە نێو عێراقدا دابەشبوونێك هەیە لە ئاست پەیوەندی عێراق بە وڵاتی ئێرانەوە، واتە لە حاڵەتی بوونی ئەم هاوپەیمانێتییەدا ئەوا فشار لەسەر عێراق دروست دەبێت بۆ ئەوەی بڕیار بدات، ئایا هەڵوێستی بە چ لایەکدا دەشکێتەوە، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر دۆخی ناوخۆیی لێدەکەوێتەوە، بەهۆی ئەو دابەشبوونەی لە نێوان عێراقدا هەیە لەبارەی پەیوەندی وڵاتەکەیان بە ئێرانەوە. هەرچۆنێك بێت لە حاڵەتی دروستبوونی هاوپەیمانێتیەکی ئەمنیدا کە عێراق بخاتە بەردەم بژارەی ئەوەی یان دەبێت لەگەڵمان بیت، یان دژمان، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە عێراق پتر خۆی لە ئێران نزیکتر ببینێت، کە ئەمەش دژی بەرژەوەندیی ئەو وڵاتانە دەبێت کە هاوپەیمانێتییەکەیان پێکهێناوە. مەبەستم ئەوەیە رەنگە باجی دروستکردنی ئەم هاوپەیمانێتیە ئەوە بێت عێراق لە رووی سیاسییەوە پتر لە ئێران نزیك ببێتەوە.

**لە حاڵەتی دروستبوونی هاوپەیمانێتیەکی ئەمنیدا کە عێراق بخاتە بەردەم بژارەی ئەوەی یان دەبێت لەگەڵمان بیت، یان دژمان، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە عێراق پتر خۆی لە ئێران نزیکتر ببینێت**

دیمانەی تایبەت



**لۆرانس روبین**

تایبەتمەندی کاروباری نێودەوڵەتیی بۆ گوڵان:

# ترەمپ سەپاندنی سزای ئابووری کردووەتە بەدیلی گرتنەبەری ڕێکاری سەربازی و هەڵگیرسانی شەڕ

لۆرانس روبین پرۆفیسۆرە لە سکوڵی سام نوون بۆ کاروبارە نێودەوڵەتییەکان لە ئامۆژگای جۆرجیای تەقەنی، لە توێژینەوەکانیدا تەرکیز لەسەر چەند پرسێکی گرنگ دەکات، وەك سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایشی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی جەخت لەسەر ئیسلام و سیاسەت و سیاسەتی دەرەکیی وڵاتە عەرەبییەکان و پرسی بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی دەکاتەوە. لە چەند وڵاتێکدا توێژینەوەی ئەنجام داوە، وەك مەغریب، میسر، ئیسڕائیل، ئیمارات و یەمەن. لە میانەی دیمانەیەکدا گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد سەبارەت بە پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم دواییەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی بەکارهێنانی سزا و فشاری ئابووری لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە لە ئاست چەند وڵاتێك و چەند پرسێکی دیکە، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** هەروەک دەزانن بەم دواییە ئەمریکا سزای بەسەر ئێران و تورکیادا سەپاند، ئێوە چۆن لەم بڕیار و هەنگاوانەی ئیدارەی ترەمپ دەڕوانن؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە لە ئێستادا ئەو قەیرانەی لەگەڵ تورکیا و ئێراندا دروست بووە، هەمووانی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە، ئەمە سەرەڕای چەند تەحەددییەکی دیکە کە ئەمریکا بە دەستیانەوە دەناڵێنێت، وەک چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی سووریا و تێکشکاندنی یەکجارەکی داعش.

*** باشە پێتوایە جیاوازییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا ئەوەندە قووڵ بن کە قابیلی چارەسەر نەبن؟ ئایا چیتر تورکیا و ئەمریکا وەک هاوپەیمانی باوەڕپێکراو لە یەکتری دەڕوانن؟**

- پێموایە مەسەلەکە زیاتر ئەوەیە ئایا ئەم تەحەددییانە چەند پەیوەستن بە بەرژەوەندییەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەتی ناوخۆی ئەمریکاوە کە رووبەڕووی ناکۆکبوون و بەریەککەوتن دەبنەوە لەگەڵ بەرژەوەندییە دەرەکییە ستراتیژییەکاندا، کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو هاوکاریکردنەی پێویستە بێتەدی لە نێوان ئەمریکا و تورکیا لە پەیوەندی بە مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی سووریا، یان هەر ناوچەیەکی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها ئەمە پەیوەستە بە پێویستی ئەمریکا بە تورکیا وەک هاوپەیمانێک کە ئەندامی ناتۆیە. لەلایەکی دیکەوە ئەمریکا نیگەرانە لە پەیوەندییەکانی تورکیا بە ئێران و هەروەها بە رووسیاوە. ئومێدەکە ئەوەیە ئەم فشارانە ببنەهۆی ئەوەی تورکیا بگاتە رێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا لەسەر پرسی قەشە ئەمریکییەکە و لەسەر پرسە جیاوازەکانی دیکە.

*** کەواتە پێتوایە ئەم فشارانە ببنەهۆی ئەوەی تورکیا ناچار بێت بە دەم داواکارییەکانی ئەمریکاوە بێت و سازش بکات؟**

- من لەو باوەڕەدا نیم تورکیا ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی خۆی بگۆڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە رەنگە کاریگەرییەکەی لەوەدا بەرجەستە بێت کە لە داهاتوودا ئەردۆغان پتر بە دەم داواکارییەکانی ئەمریکاوە بچێت، ئەمە ئەگەر هاتوو رێگایەک دۆزرایەوە بۆ پاراستنی ناوبانگی خۆی لەسەر ئاستی ناوخۆیی، واتە ئەگەر هاتوو نەبووە هۆی ئەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆیی پێگەی لاواز بێت، بە دەربڕینێکی دیکە داواکارییەکانی ئەمریکا جێبەجێ بکات، بە بێ ئەوەی وا دەربکەوێت کە ملکەچی بۆ ئەمریکا کردبێت.

*** بەڵام ئایا رەوشی ئابووریی تورکیا بە چەشنێکە کە بتوانێت بەرگەی فشارەکانی ئەمریکا بگرێت؟**

- من پێموانییە تورکیا بتوانێت بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەرگەی ئەم فشارە ئابوورییانە بگرێت. دواتر مەسەلەکە هەر تەنیا زیادکردنی گومرگ نییە لەسەر چەند کاڵایەک، بەڵکو ئابووری تورکیا بە دەست کێشەی درێژخایەنەوە دەناڵێنێت. ئەگەرچی رەنگە بتوانێت لە مەودای کورتدا دۆخەکە تێپەڕێنێت، بەڵام دوویاتی دەکەمەوە مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە ئایا چۆن ئەردۆغان داواکارییەکانی ئەمریکا جێبەجێ بکات، بە بێ ئەوەی وا دەربکەوێت کە سازشی کردووە.

*** ئەی بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە بەکارهێنانی سزای ئابووری وەک ئامرازێکی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەکی، یان ئامرازێک بۆ برەوپێدان و پەرەپێدانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەکی لەلایەن دۆناڵد ترەمپەوە دەڕوانیت؟**

- ئەگەر ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەمریکا لە رووی ئابوورییەوە هێزێکی بێ هاوتایە، ئەوا رەنگە بتوانین بڵێین ئەم سزایانە لە مەودای نزیکدا کاریگەرییان دەبێت و کارا دەبن. بەڵام ئەم کاراییەش لەگەڵ گۆڕانی دۆخەکەدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. خۆ ئەگەر لە هۆکاری ئەوەش بپرسین، بۆچی ئەمریکا پەنا دەباتە بەر ئەم رێکارە- سەپاندنی سزا-، ئەوا رەنگە بتوانین بڵێین ئەمریکا دەیەوێت ئامرازێک بگرێتەبەر بەدەر لە گرتنەبەری رێکاری سەربازی و هەڵگیرسانی شەڕ، چونکە ئەمە مەترسیی گەورە لەسەر ئەمریکا دروست دەکات، لە کاتێکدا سەپاندنی سزاکان ئەمریکا رووبەڕووی ئەو ئاکام و دەرهاویشتانە ناکاتەوە، کە شەڕ دروستیان دەکات.

*** هەر لە پەیوەندی بەم باسەوە دەمانەوێت پرسیار لەبارەی کاریگەری و ئاکامەکانی ئەو فشارە ئابوورییانەوە بکەین کە ئەمریکا رووبەڕووی ئێرانی کردوونەتەوە؟**

- من پێموایە دەکرێت ئەم فشارانە سازشکردن بە دوای خۆیاندا بهێنن، ئەگەر بێت و بە چەشنێک بکرێت کە زۆر تیشکی نەخرێتەسەر. هەرچۆنێک بێت من پێموایە فشاری راستەقینە بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری لە سیاسەتی حکومەتی ئێراندا لە خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت، بە چەشنی ئەو خۆپیشاندانانەی بەم دواییە بینیمان، واتە خەڵکەکە دەتوانن فشار لەسەر سەرکردایەتی وڵاتەکەیان بکەن کە سازشی جۆراوجۆر بکەن. ئەوەی پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی ئێرانیشەوە بێت، ئەوا رەنگە لە مەودای کورتدا تا رادەیەک ئێران سیاسەتە دەرەکییە سەختگیرەکانی

**ئەمریکا پرسی ئەوە دەورووژێنێت کە حکومەتی ئێران نوێنەرایەتی ئیرادەی خەڵکی وڵاتەکەی ناکات، بەڵام رەنگە کەمتر جەخت لەسەر ئەم پرسە بکاتەوە لە پەیوەندی بە حکومەتێکی خۆسەپێنی دیکەوە**

**ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بە چەشنی ئیدارەی پێش خۆی گرنگی بە پرسی پەرەپێدانی دیموکراسی نادات، بەڵام ئەگەر لە وڵاتێکدا دامەزراوەی دیموکراسی هەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەمریکا پشتیوانیيان لێدەکات**

خاو بکاتەوە، بەڵام پێموایە ئاراستەی گشتیی سیاسەتە دەرەکییەکەی هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە، بۆ نموونە رەنگە بەردەوام بێت لە پەرەپێدانی توانا مووشەکییەکانی و هەندێ توانای تەمومژاوی دیکە کە پەیوەستە بە بواری ئەتۆمییەوە، هەروەك ئەوەی هەندێ سەرچاوەی رۆژنامەوانی ئاماژەی پێدەکەن.

*** بەڵام سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ دوای سەپاندنەوەی سزاکان بەسەر ئێراندا لە لێدوانێکدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئامادەیە بێ مەرجی پێشوەختە گفتوگۆ لەگەڵ ئێراندا بکات، لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئەو لێدوانەی ترەمپ چییە و ئایا دەکرێت هەمان سیناریۆی کۆریای باکوور لەگەڵ ئێرانیشدا دووبارە ببێتەوە؟**

- جیاوازی نێوان ئێران و کۆریای باکوور لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە ئێران کەمترە گۆشەگیرە بە بەراورد بە کۆریای باکوور، چونکە ئەگەر توانرابێت سزا و فشاری قورس بەسەر کۆریای باکووردا بسەپێنێت، ئەوا دەبینیت سەپاندنی سزای تاکلایەنە —لەلایەن ئەمریکاوە- بەسەر ئێراندا کاردانەوەی وڵاتانی ئەوروپا لێکەوتەوە، کە دەیانەوێت پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانیان لەگەڵ ئێراندا درێژە پێ بدەن. کەواتە ئەوەی تەواو روونە ئەوەیە کە تۆ ناتوانیت گۆشەگیرییەکی تەواو بەسەر ئێراندا بسەپێنیت. دواتر ئابووریی ئێران پێشکەوتووترە بەراورد بە ئابووری کۆریای باکوور، بە هەمان شێوە سەرکردایەتی ئێرانیش پتر هەستیارترە لە ئاست داخوازی و داواکارییەکانی خەڵکەکەدا بە بەراورد بە کۆریای باکوور. ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە کارکردن بۆ گۆشەگیرکردنی ئێران دژوارتر و سەختترە.

*** باسی هەڵوێستی وڵاتانی ئەوروپیت کرد لە پەیوەندی بە کاردانەوەیان لە ئاست سەپاندنەوەی سزاکان بەسەر ئێراندا، پرسیارەکە ئەوەیە ئەم جیاوازییە لە هەڵوێستەکان تا چ رادەیەك دەبێتەهۆی ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ئەوروپا؟**

- من دڵنیانیم ئەم مەسەلەیە بە چ ئاراستەیەکدا پەرە دەستێنێت. بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە وڵاتە ئەوروپییەکان نیگەرانن لەوەی رووبەڕووی سزا ببنەوە لەلایەن ئەمریکاوە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی دوودڵ بن لە دروستکردنەوەی پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ ئێراندا. بەڵام هەرچۆنێك بێت ئێمە نازانین لە داهاتوودا رەوتی پەرەسەندنەکان بە چ ئاراستەیەکدا دەڕۆن.

*** ئێمە دەزانین یەکێك لە دروشمەکانی دۆناڵد ترەمپ لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ئەوە بوو کە پێویستە دۆست و دوژمنەکانمان ئەمریکا بە جددی وەربگرن، کەواتە ئایا دەتوانین ئەمە بکەینە بناغەی لێکدانەوەی سیاسەت و هەڵوێستەکانی ترەمپ؟**

- لە راستیدا هێشتا زووە بۆ ئەوەی بە دڵنیاییەوە ئەمە یەکلا بکەینەوە، ئەگەرچی هەندێ بەڵگە و ئاماژە هەن بۆ ئەوەی بتوانین بڵێین دەکرێت ئەمە بکەینە بنچینەی راڤەکردنی هەڵوێستەکانی ئەمریکا، وەك کاردانەوەکانی ئەمریکا لە بەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە سووریا.

*** ئەی دەکرێت بڵێین ئیعتیباراتە ناوخۆییەکان پاڵنەر و داڕێژەری سیاسەتی دەرەوەی ترەمپ بوون؟**

- پەیوەندییەکی زۆر هەیە لە نێوانیانداو پێموایە هۆکارە ناوخۆییەکان کاریگەرییان لەسەر جیهانبینی ترەمپ هەیە. هەروەك دەبینین کە هەندێ بیرۆکەی هەن کە زیاتر بۆ ئیستیهلاکی ناوخۆیین. هەرچۆنێك بێت سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە شێوەیەکی ریشەیی گۆڕانکاری بەسەردا نایەت بەهۆی ئیعتیباراتە ناوخۆییەکانەوە، رەنگە بتوانین بڵێین جگە لە گۆڕانی هەڵوێستی ئەمریکا لە ئاست ئیسرائیلدا، لە ئەنجامی بەڵێنێ کە لە ناوخۆدا درا. رەنگە ئاماژە بە حاڵەتی کۆریای باکووریش بکرێت، بەڵام ئەوەی ئیدارەی ترەمپ کردی لە ئاست کۆریادا زیادکردنی فشارەکانی سەر ئەو وڵاتە بوو.

*** دوایین پرسیارمان لەبارەی ئایندەی سیاسەتی ترەمپەوەیە لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو راستییەی کە ئیدارەی ترەمپ دەیەوێت خۆی بە دووربگرێت لە تێوەگلانێکی گەورەی سەربازی و لە پرۆسەی بنیادنانی نەتەوە و پەرەپێدانی دیموکراسی لە وڵاتانی ناوچەکەدا؟**

- ئاشکرایە کە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بە چەشنی ئیدارەی پێش خۆی گرنگی بە پرسی پەرەپێدانی دیموکراسی نادات، بەڵام ئەگەر لە وڵاتێکدا دامەزراوەی دیموکراسی هەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەمریکا پشتیوانییان لێدەکات. لە هەمان کاتدا ئەمریکا پرسی دیموکراسی وەك ئامرازێکی ستراتیژی بەکار دەهێنێت، کاتێك هەست بکات پێویستی پێیەتی، بۆ نموونە لە پەیوەندی بە هەڵوێستی لە ئاست حکومەتی ئێراندا ئەوا ئەمریکا پرسی ئەوە دەورووژێنێت کە حکومەتی ئێران نوێنەرایەتی ئیرادەی خەڵکی وڵاتەکەی ناکات، بەڵام رەنگە کەمتر جەخت لەسەر ئەم پرسە بکاتەوە لە پەیوەندی بە حکومەتێکی خۆسەپێنی دیکەوە.

**وڵاتە ئەوروپییەکان نیگەرانن لەوەی رووبەڕووی سزا ببنەوە لەلایەن ئەمریکاوە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی دوودڵ بن لە دروستکردنەوەی پەیوەندیی ئابووری لەگەڵ ئێراندا**

**فشاری راستەقینە بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری لە سیاسەتی حکومەتی ئێراندا لە خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێت، بە چەشنی ئەو خۆپیشاندانانەی بەم دواییە بینیمان، واتە خەڵکەکە دەتوانن فشار لەسەر سەرکردایەتی وڵاتەکەیان بکەن کە سازشی جۆراجۆر بکەن**

# ئەفسانەی یەکپارچەیی عێراق.. کوردیش هاوشێوەی نەتەوەکانی دیکە مافی سەربەخۆیی هەیە

هەنـدێ کـەس خەیاڵیـان بـۆ ئـەوە دەچێـت کـە عێـراق لـە گردبوونـەوەی برایانـەی نێـوان عـەرەب و کـورد دروسـتبووە، دواتـر بڕیاریانـداوە ئـەم دەوڵەتـە پێکبهێنـن، بەپێی لێکدانـەوەی ئـەوان بێـت، دەبـێ ئـەم ڕێککەوتنـە تاهەتایـە بـەردەوام بێـت، لـە ڕاسـتیدا ئەوانـە نایانەوێت دۆسـێیەکانی مێـژوو بـە لاپـەڕە ناسـۆرو خەماوییەکانـی هەڵبدەنـەوە دەربـارەی چۆنێتیـی درووسـتبوونی ئـەو دەوڵەتـە، دوای ئـەوەی خەلافەتـی عوسـمانی بـوو بـە سوڵتاننشـین لـە سـاڵی ١٩٢٢و دواتـر لـە ١٩٢٤ بەتـەواوی هەرەسیهێنا، ئینجـا میراتەکـەی دەوڵەتـی عوسـمانی لەلایـەن کۆلۆنیالیزمـی ڕۆژئـاوا دابەشـکرا، ئـەوکات عێراقیـش لـە سـێ ویلایـەت پێکهاتبوو(بەغـدا، موسـڵ و بەسـرە) کـە سـەر بـە ئەسـتەنبوڵ بـوون، بەریتانیـاش عێراقـی داگیرکـرد، هـەر سـێ ویلایەتیـش لـە یـەك هەرێـم کۆکرانـەوە کـە سـەنتەرەکەی بەغـدا بـوو، ئیـدی بەرگریـی میللـی دژی بەریتانیـای داگیـرکار، کـە بـە شۆڕشـی بیست ناسرابوو، دەستی پێکرد. شۆڕشـەکەی عێراق سـەرکەوت و یەکەم حکومەتی کاتـی بـە سـەرۆکایەتیی عەبدولڕەحمـان گەیلانـی لـە سـاڵی ١٩٢٠ دامـەزرا، لـە سـاڵی ١٩٢١ میـر فەیسـەڵ کـوڕی حوسـێن بـە شـای عێـراق دەستنیشـانکرا، وەك سـەرەتایەك بـۆ دامەزراندنـی ئەنجومەنێکی یاسادانان بەمەبەستی نووسینەوەی دەسـتوورێکی هەمیشـەیی بـۆ وڵات، ئـەوە بـوو لـە سـاڵی ١٩٢١ دەوڵەتـی عێـراق دامـەزراو لـە ١٩٢٥یـش دەسـتوور لـە سـەردەمی پاشـایەتی نووسـرا. لەئێستاشـدا پرسـیارێکمان لا دروسـت بـووە: چـۆن کـورد بـوون بـە عێراقـی؟ لـە سـاڵی ١٩٢٤ کۆلۆنیالیزمـی ڕۆژئـاوا دوو بـژاردەی خسـتە پێـش کـورد، هەردووکیانیـش تـاڵ بـوون: مانـەوە لەگـەڵ تورکیـا، یـان لـکان بـە عێراقـەوە، پرسیاریشمان لێ نەکرا کە چیتان دەوێت؟ ئەگـەر پێیـان بگوتاینایـە چیتـان دەوێـت؟ بـە دڵنیاییـەوە وەڵاممـان ئـەوە دەبـوو کـە دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی خـاوەن سـەروەریمان دەوێـت، وەك گەلانـی دیکـەی ناوچەکـە کـە دەوڵەتـی نەتەوەیـی خۆیـان هەیـە، هـەروەك چـۆن لـە ریفراندۆمـی کوردسـتان سـاڵی ٢٠١٧ داوامانکـرد، نازانـم چـۆن بـاب و باپیرانمـان ئەمەیان هەڵبژارد کە لەگـەڵ عێراقدا بمێنینـەوە؟ بۆیـە بووینـە عێراقـی بـە زۆردارەکـی، دواتـر دەبینیـن کـە گەلانـی عـەرەب سـەربەخۆ بـوون، دوای ڕووخانـی دەوڵەتـی عوسـمانی دەوڵەتـی نەتەوەییـان دروسـتکرد، کەواتـە بۆچـی کـورد مافـی نییـە دەوڵەتـی نەتەوەییـان هەبێـت؟ لـە ڕاسـتیدا کۆڵۆنیالیزمـی ڕۆژئـاوا (بەریتانیـاو فەرەنسـا ) سـتەمی لـە گەلـی کـورد کـرد و

**هەندێ پێیانوایە کە بارزانی بەدوای پۆستەوەیە، بەم دواییەش بەڵگەنامەیەکی ساختە بڵاوکرایەوە، گوایە بارزانی ڕازی بووە کە ببێتە سەرۆک کۆماری عێراق، لەگەڵ ئەوەی کە هەموو سیاسەتوانانی عێراق دوای ڕووخانی ڕژێم هیواخوازی ئەمە بوون، بەڵام بەڕێزیان ئەوکاتە ڕەتیکردەوە، تائێستاش هەموو پۆستێک لە دەوڵەتی عێراق بۆ خۆی ڕەتدەکاتەوە**



د.عەرەفات کەرەم ستونی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کوردستانی لە ساڵی ١٩١٦ بۆ چوار بەش دابەشکرد (تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا)، ئەم دابەشبوونەش کێشەی کوردی ئاڵۆزتر کرد، ناوچەکەشی دووچاری حاڵەتێکی پاشاگەردانی و بێسەروبەری و ناسەقامگیری کرد، رووەکانی کۆلۆنیالیزم گۆڕاوە، بەڵام ئامانجەکە یەك شت بووە، بەم شێوەیە بە زۆردارەکی بووینە عێراقی، کاتێکیش کورد ژیان لەگەڵ عێراق رەتدەکاتەوە، نەك لەبەر رق لێ بوونەوە لە پێکهاتەکانی گەلی عێراق، بەتایبەتیش لە پێکهاتەی عەرەبی، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە مافی کوردە وەك گەلانی جیهان و ناوچەکە کە سەربەخۆ بێت و دەوڵەت و دەستووری خۆی هەبێت، چونکە ئێمە نەتەوەیەکی سەربەخۆین و مێژوو و شارستانی و کولتوور و زمان و ئایین و کەلەپووری خۆمان هەیە، بە تەواویش لە گەلانی ناوچەکە جیاوازین، جیاوازییەکانمان لە هاوبەشەکانمان زیاترە، بەڵام لەبەر زۆریی جیاوازییەکانمان لەگەڵ گەلانی ناوچەکە و بەتایبەتیش لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە کوردیان تێدا دەژی (تورکیا و ئێران و سووریا و عێراق)، هەموو شێوازێکی سیاسەتی چەوسانەوە ستەم و رەگەزپەرستی و تەعریب و پاکتاوی رەگەزیمان بەرامبەر بەکارهێنرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرگریمان کرد دوای ئەوەی دیالۆگ شکستی هێنا، ئەو هەموو شۆڕشانەی کوردیش کە رووبارگەلێك خوێنیان تێدا رژا، هەموویان لەپێناو ئازادی و ئاشتی و دیموکراسی و سەربەخۆیی بوون.

لەبەر ئەوە یەکێتییەکەی نێوان عەرەب و کورد لە عێراق ئارەزوومەندانە نەبوو، بەڵکو بە زۆرەملێ بوو، یەکێتیی ئارەزوومەندانە واتا هەر یەك لەم دووانە هەر کاتێك حەزبکات مافی جیابوونەوەی هەیە، یەکێتیی زۆرەملێش ناکرێ هەر بەردەوام بێت، بەڵکو کۆتایی دێت، یان لە رێی شەڕی دژوارەوە، یان لە رێی ئاشتیی راستەقینەوە، گەلی کوردیش لە عێراق خوێنێکی زۆری رشتووە لەپێناو ژیانێکی سەربەرزانەو کەرامەت و ئازادی و ئاشتیدا، بەڵام عەقڵییەتی سیاسیی حوکمڕان لە عێراق بە چاوێکی نامۆ و بیانییانە سەیری کوردیان کردووە، هەوڵیان داوە لەناوی بەرن، بەڵام نەیانتوانیوە، دواتر ویستوویانە تەعریب و بە بەعسی بکەن، هەر نەیانتوانی، هەموو جۆرە سیاسەتێکی ستەمکارانەیان پەیڕەو کرد، کەچی شکستیان هێنا، دواترینیان هەوڵیان داوە ئایدیۆلۆژیای گۆڕینی مەزهەبی بەرامبەر گەلی کوردستان پیادە بکەن، بەڵام کوردی

**لە ساڵی ١٩٢٤ کۆلۆنیالیزمی رۆژئاوا دوو بژاردەی خستە پێش کورد، هەردووکیانیش تاڵ بوون: مانەوە لەگەڵ تورکیا، یان لکان بە عێراقەوە، پرسیاریشمان لێ نەکرا کە چیتان دەوێت؟ ئەگەر پێیان بگوتایانایە چیتان دەوێت؟ بە دڵنیاییەوە وەڵاممان ئەوە دەبوو کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەریمان دەوێت، وەک گەلانی دیکەی ناوچەکە کە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان هەیە**

رشتر و سوورتر کرد بۆ بەرگری، ئەگەر ئەو عەقڵییەتە سیاسییە شارستانی و هۆشیار بوایە، پەنای نەدەبردەبەر ئەو شێوازە دوژمنکارانەیە دژ بە دێرینترین نەتەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەم عەقڵییەتە ستەمکارانە وڵاتیان کاول کرد، مەینەتی و ناسۆری و نەخۆشی و هەلاکەت و کارەساتیان بەسەر گەلی عێراقدا هێنا، بەمەش وایان کرد کە ئێمە رقمان لە عێراق ببێتەوە، چونکە نەیانتوانی عێراقمان لا خۆشەویست بکەن، ئەوان تەنیا گرنگییان بە ئینتیمای نەتەوەیی دەدا لە جیاتی ئینتیمای نیشتمانی، وەك بڵێی گەلی کوردستان هۆزێکی عەرەبی بێت و بیانی بن و لەو سەری دنیاوە هاتبن تا لە عێراق نیشتەجێ بن، بۆیە بەم شێوە دڕندانەو ستەمکارانە مامەڵە لەگەڵ گەلی رەسەنی کوردستاندا دەکەن، بەڵام کورد وەك گەلێکی شارستانی ئەگەر لە برسێتی و تێنوێتیشدا بمرن، هەرگیز سەرشۆڕ ناکەن، چونکە بە رووبار خوێنیان بەخشیوە تا بە سەربەرزی بژین، تا ئێستاش لەو خەباتە بەردەوامن تا دەگەنە سەربەخۆیی تەواو، دیارە داستانەکەی پێشمەرگە قارەمانەکان کە بەم دواییە لە پردێ هاتەدی، دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بەهێزترین بەڵگەیە لەسەر رەتکردنەوەی سیاسەتی ستەمکارانە بەرامبەر گەلی کوردستان.

**داستانەکەی پێشمەرگە قارەمانەکان کە بەم دواییە لە پردێ هاتەدی، دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بەهێزترین بەڵگەیە لەسەر رەتکردنەوەی سیاسەتی ستەمکارانە بەرامبەر گەلی کوردستان**

هەموو رژێمە سیاسییەکانی عێراق نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی شارستانی و عەقڵانی مامەڵە لەگەڵ گەلی کوردستاندا بکەن، بەڵکو هەموویان بیریان لە لەناوبردنی کردۆتەوە، بەڵام کورد بە قوربانی و خەبات بەرگری کرد دژی سیاسەتی تەعریب و راگواستن و ئەنفال و بڕینی بودجەو تەعریب، هەموو رژێمێك کە لە عێراق هاتبێت چارەسەری کێشەی کوردی نەکردووە، بەڵکو زیاتر ئاڵۆزی کردووە، کاتێکیش رژێم هەستی بە لاوازی کردبێت، لەبەردەم شۆڕشەکانی کورد یەکسەر دەستپێشخەری بۆ چارسەرکردنی کێشەی گەلی کوردستانی کردووە، هیچ کاتێکیش لە مێژووی سیاسیی عێراقدا سەرکردەکانی کورد گفتوگۆ و ئاشتی و پێکەوەژیانیان رەت نەکردۆتەوە، دوای رووخانی بەعسیش عەقڵییەتی تازەی سیاسی هەمان مامەڵەیان لەگەڵ کورددا کردووە، بەڵام لاوازبوون، ئەگەر وەك رژێمی پێشوو بەهێز بوونایە رەنگە کوردستانیان دەسووتاند، چونکە رژێمی ئایدیۆلۆجیخواز لە رژێمی سیاسی بەهێزترە.

گەلی کوردستان قەناعەتی وایە کە بەم شێوەیە ژیان لە عێراق بەردەوام نابێت، رۆژێکیش دێت کە سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێت، ئارەزووی گەلی کوردستانیش لە یەکەم ریفراندۆمی نافەرمی لە ساڵی ٢٠٠٥ و ریفراندۆمی دووەمی فەرمی لە ٢٠١٧ باشترین بەڵگەیە، عەقڵییەتی سیاسیی حوکمڕان لە عێراق نیشتمانی کردە زیندانێك بۆ گەلی کوردستان، ئەگەر بیانکردایەتە دەوڵەتێکی مەدەنیی دیموکراسیی پێشکەوتوو، ئەوکاتە کورد بیری لە دەرچوون لەو پێکەوەژیانە نەدەکردەوە. دوای رووخانی رژێم گوتمان کاتی ئەوە هاتووە کە بە ئاشتی بژین لە عێراقی تازەدا، ئیش و کار باش بوو و ژیانی هاووڵاتیان گەشایەوە، بەتایبەتیش لە کوردستان، بەڵام کەوتینەوە نێو زیندانێکی دیکە، دەستوور پێشێل کرا، پێشێلکردنی دەستووریش کۆتایی بە شەراکەتی نیشتمانی دەهێنێت و یەکێتیی عێراقیش لەباردەبات، لە ماددەی یەکەمی دەستووری عێراقدا هاتووە (ئەم دەستوورە زەمانەتی یەکێتیی عێراق دەکات) کاتێکیش پێشێل دەکرێت لەلایەن ئەو کەسەی پارێزگاری لە جێبەجێکردن و شەرعییەتی دەکات، هیچ بەهایەکی نامێنێت، ئەوکاتە هەر پێکهاتەیەك یان پارێزگایەك- نەك هەر هەرێمی کوردستان- دەتوانێت سەربەخۆ بێت. دەستووری عێراق پتر لە پەنجا پێشێلکاریی تێدا کراوە، بۆیە تەنیا وەك جەستەیەکی بێ ناوەڕۆك ماوەتەوە، ئەوەش وایکردووە کە کورد ئامادە نین لە دەوڵەتێکدا بژین کە پارێزگاری لە دەستوورەکەی نەکات.

**دەستووری عێراق پتر لە پەنجا پێشێلکاریی تێدا کراوە، بۆیە تەنیا وەک جەستەیەکی بێ ناوەڕۆک ماوەتەوە، ئەوەش وایکردووە کە کورد ئامادە نین لە دەوڵەتێکدا بژین کە پارێزگاری لە دەستوورەکەی نەکات**

دادگای فیدڕاڵی لە خەوێکی قووڵدایە و هیچی پێناکرێت، ئەو دادگایە هەڵنەبژێردراوەو زۆربەی بڕیارەکانی سیاسین، لە ماددەی دووەمی دەستووری عێراقدا بە ئاشکرا باس لە چۆنێتیی ژیان دەکات لەم وڵاتەدا، کە جەخت لەوە دەکاتەوە پێکهاتەکانی عێراق دوای رووخانی رژێم ئارەزوومەندانەو بە ئازادی یەکێتییان لە

عێراق هەڵبژاردووە، چونکە کوردستان نیمچە سەربەخۆ بوو، کارەکە بەم شێوەیەی ساڵی ١٩٢٤ نەبوو کە یەکێتییەکە بە زۆرەملێ بوو، ئەمەش ڕێگە بە هەر پێکهاتەیەك دەدات کە لەم یەکێتییە ئارەزوومەندانە دەربچێت، بۆیە دەرچوون پێویست دەبێت کاتێك هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە ڕێککەوتنەکەیان پابەندنابن، ئەوەی کۆی کردوونەتەوە، تەنیا دەستووری عێراقە، لەبەر ئەوە لە کۆتایی ماددەکە شتێکی دیکەیان بۆ زیادکرد کە بریتی بوو لە (پابەندبوون بەو دەستوورە یەکێتیی ئازاد بۆ عێراق دەپارێزێت بە گەل و خاك و سەروەرییەوە)، دیارە کە ئەم دەستوورەش باشترین دەستوورە لە مێژووی عێراق نووسرابێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا لاوازترین دیکۆمێنتە لە وڵاتدا، کە بە ئاشکرا پێشێل دەکرێت و بەپێی حەزو ئارەزووگەلێکی سیاسیی دیاریکراو لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا شانازی بە دیموکراسیی خۆمان دەکەین لەبەردەم جیهانی شارستانی و پێشکەوتوو، لە دەوڵەتانی پێشکەوتوو کاتێك دەستوور پێشێل دەکرێت، قیامەت هەڵدەستێت، پێشێلکردنی دەستوور ڕەفتاری ڕژێمە ستەمکارەکانە.

ئەو عەقڵییەتەی بە درێژایی مێژوو حوکمی عێراقی کردووە، وامان لێدەکات بیر لە سەربەخۆیی بکەینەوە، هەروەها جەختکردنەوەی بەردەوام لە گوتارەکانی سیاسەتوانانی عێراق و دەوڵەتانی ئیقلیمی و ڕۆژئاوا و تەنانەت جەختکردنەوە لە دەستوور دەربارەی یەکێتیی عێراق بەڵگەیەکی ڕوونە کە ئەو یەکێتییە ئەفسانەیە و بوونی نییە. با ئەوەش ڕوون بێت کاتێك ئێمە داوای سەربەخۆیی دەکەین، مانای ئەوە نییە بەتەواوی لە عێراق دابڕێین، بەڵکو دەمانەوێ دوو دەوڵەتی ئاشتیخوازو هاریکار بین لە هەموو ڕوویەکەوە، خۆشەویستی لەنێوان پێکهاتەکاندا هەر ماوەو ناکرێ ڕق و کینە شوێنی بگرێتەوە، ئەگەر ئەمەش ڕوویدا، ئەوا ئیشی سیاسەتوانە پەرگیرەکانە کە دەیانەوێت دووبەرەکی لەنێوان گەلان بۆ مەرامی سیاسی بەرپابکەن، ڕقلێبوونەوە لە حوکمڕانیی ستەمکار لە وڵاتێکدا ڕقلێبوونەوە لە گەل نییە، بەڵکو دژی ئەو سیاسەتە ملهوڕەیە کە چینی حوکمڕان پیادەی دەکەن، پاشان سەربەخۆیی مافێکی مێژوویی و نەتەوەیی و نیشتمانیمانە وەك گەلانی دیکەی جیهان، کەواتە بۆچی دژایەتیکردنی ئەم داخوازییە؟ ئێمە بە درێژایی قۆناخەکانی مێژوو عێراقی نەبووین، بەڵکو کۆڵۆنیالیزمی ڕۆژئاوا بەسەریدا سەپاندووین، کاتێکیش قبووڵمان کردووە لە ترس و زۆردارەکی بووە، عەقڵییەتی سیاسیی حوکمڕان وەك هاووڵاتی عێراقی مامەڵەیان لەگەڵدا نەکردووین، بەڵکو وەك بێگانە، لەبیرمە لە هۆڵی پەرلەمان بە دەنگی بەرز هاوارم کرد کە لای پەرلەمانتارانی هاوپەیمانیی نیشتمانی شیعە بووە مایەی تووڕەیی و هاتوهاوار، لەوێدا گوتم: کاتێ دەمانەوێت ببینە عێراقی ئێوە عێراقییەتەکەمان لێدەسەننەوە، کاتێکیش دەمانەوێت سەربەخۆ بین، شەڕمان دژ بەرپادەکەن، کەواتە ئێوە دەتانەوێت ئێمە چی بین؟

ئەم یەکێتییە من بە ئەفسانە و خەیاڵ وەسفی دەکەم لەبەر ئەوەی دەبێ یەکێتیی گەل بێت پێش یەکێتیی وڵات، پێویستە سەرەتا گەل یەك بخرێت، ئینجا وڵات، دەوڵەتان ترسی دابەشبوونیان نابێت ئەگەر گەلەکانیان یەکگرتوو بێت، بە پێچەوانەوە ئەوانە دەترسن کە گەلەکانیان بە زەبری هێز نەك بە لۆژیك کۆکردبێتەوە، هەموو ئەوانەی حوکمی عێراقیان کردووە، زیاتر فۆکسیان کردۆتە سەر یەکێتیی وڵات نەك گەل، مەبەستم لە یەکێتیی گەل ئەوە نییە جیاوازییەکانی کولتووری و شارستانی و مێژوویی و جوگرافی لەناوبەرین، بەڵکو مەبەستم لەوەدا لە ڕووی دادپەروەری و یەکسانییە لە دابەشکردنی سامان و بڕیاردان، هەروەها بەشداریی ڕاستەقینە لە پرۆسەی سیاسیدا، بەشێوەیەك کە هیچ پێکهاتەیەك لەو وڵاتە هەست بە نامۆیی نەکات. ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی سیاسیی خوێناویی عێراق هەڵبدەینەوە، تەنیا ستەم و جەوری ئەو ڕژێمە حوکمڕانانە دەبینین کە دەرحەق بە پێکهاتە دێرینەکانی عێراق کردوویانە، دیارە بەسەرهاتی کوردانی فەیلی گەواهی ئەم قسەیەیە، نموونەی دیکەش زۆرن، دەوڵەتانی پێشکەوتوو فۆکس دەکەنە سەر گەلانیان و داخوازی و ئامانج و ماف و دەستکەوتەکانیان بۆ دەستەبەردەکەن لە ڕێی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەوە، کاتێکیش

**کاتێک ئێمە داوای سەربەخۆیی دەکەین، مانای ئەوە نییە بەتەواوی لە عێراق دابڕێین، بەڵکو دەمانەوێ دوو دەوڵەتی ئاشتیخوازو هاریکار بین لە هەموو ڕوویەکەوە، خۆشەویستی لەنێوان پێکهاتەکاندا هەر ماوەو ناکرێ ڕق و کینە شوێنی بگرێتەوە**

**ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی سیاسیی خوێناویی عێراق هەڵبدەینەوە، تەنیا ستەم و جەوری ئەو ڕژێمە حوکمڕانانە دەبینین کە دەرحەق بە پێکهاتە دێرینەکانی عێراق کردوویانە**

ئامانجەکانی هاووڵاتی دێنەدی، بیر لە جیابوونەوە ناکەنەوە، بەڵکو ئینتیمایان بەهێزتر دەبێت، ئامادەش دەبن بە گیان و خوێن داکۆکی لە وڵات بکەن، بەڵام لە عێراق هیچ لەمانە نایەتەدی، دواتر کورد ناچار دەکرێت لەو زیندانەدا بمێنێتەوە. ئایا ئەمریکییەکتان بینیوە داوای پەنابەری لە عێراق بکات؟ نەك لەبەر ئەوەی عێراق دەوڵەتێکی هەژارە، بەڵکو لەبەرئەوەی چینی حوکمڕان گەندەڵە، گەندەڵیی ئەو چینە بووە هۆکاری هەژاری و دواکەوتن و لاوازیمان، بۆیە هەر لەنێو ئەو زەلکاوەدا دەمێنینەوە مادامەکی ئەو عەقڵییەتە سیاسییە حوکممان بکات، هەر ئەمەش نا، بەڵکو ئەو عەقڵییەتە دەبێتە هۆکاری دابەشبوونی عێراق بۆ سێ دەوڵەت (کوردستان، سوننەستان، شیعەستان)، ڕەنگە بەم دابەشبوونە ببێتە چەند دەوڵەتۆکەیەك بەپێی نەتەوە و ئایین و ئایینزاو تائیفە، ئەم دابەشبوونە لە ڕووی پڕاکتیکەوە دەبینین، لە بەغدای پایتەخت کە ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی حەوت ملیۆن کەسە، پایتەختێکە لەنێوان میلیشیا چەکدارەکاندا دابەشکراوە، هەر ناوچەیەك کۆمەڵە چەکدارێکی دیاریکراو کۆنترۆڵی کردووە، هەر یەکە دروشم و دەستوور و ئاڵاو سەرکردەی خۆی هەیە، حەیدەر عەبادی-یش دەسەڵاتی بەسەریاندا نییە، لەگەڵ ئەوەش ئەو پیاوە مێشکی بردووین بە لێدوان و بەیاننامەکانی گوایە چەك تەنیا لە دەستی دەوڵەتدایە.

من پێموانییە شتێك مابێت ناوی یەکێتیی عێراق بێت، ڕەنگە ئەمە لە هەندێ دروشم و بەڵگەنامەی فەرمی و ڕۆژنامەنووسیدا ببینین، بەڵام لە ڕووی مەیدانی و پراکتیکەوە ئەم یەکێتییە کۆتایی هاتووە، شتێکی ئەفسانەیە کە تائێستا هەندێ کەس باوەڕی پێی هەیە، مایەی داخە هێزە سیاسییەکانی عێراق بە درێژایی مێژوو لە گوتارە ئاگراوییەکانیاندا جەخت دەکەنەوە لەسەر بەرهەڵستیکردنی پڕۆژەکانی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوا، بەتایبەتیش هێزە ئیسلامییەکان- ئیسلامی سیاسی بە هەردوو جۆری سوننە و شیعە- کە تائێستاش کۆڵۆنیالیزمی ڕۆژئاوا بە کافر وەسف دەکەن. مەزەندە وایە کە قۆناغی دوای هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عێراق هەستیارو دژوار دەبێت، ئەمە بریتییە لە تاقیکردنەوەیەکی قورس و ئاڵۆز بۆ هەموو هێزە سیاسییەکانی عێراق، چونکە پەرەسەندنی گرنگی ناوخۆیی هاتۆتەئاراوە، هەروەها گۆڕانکاریی زۆری دەرەکیی سەریهەڵداوە، کە بێگومان کاریگەری لەسەر پێکهێنانی قۆناغی داهاتوو دەبێت، ئەوەی پەیوەستە بە گەلی کوردستانەوە لەوەتەی سەد ساڵە مامەڵە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی عێراقدا دەکەین، هەموو ڕژێمە سیاسییەکانی عێراقمان تاقیکردەوە، هیچ ڕژێمێکی راستگۆمان نەدی کە بە شێوەیەکی لۆژیك و عەقڵانی و دڵسۆز مامەڵە لەگەڵ کێشەی کورددا بکات، بەڵکو هەمیشە بژاردەی شەڕ لە خەیاڵیاندا هەبووە، هەموو ڕژێمەکان بێ جیاوازی لە چارەسەرکردنی کێشەی گەلی کوردستاندا شکستیان هێنا، دواترینیان کە تاقیمانکردنەوەو پێمانوابوو کە راستگۆ دەبن لەگەڵمان، ئەوانیش شیعە بوون، بەتایبەتیش ئیسلامییەکان (حزبی دەعوە)، بەڵام ئەوانیش لەوانەی پێش خۆیان جیاوازتر نەبوون، ئەمڕۆش دوای ئەوەی گاڵتەجاڕیی دواهەڵبژاردن کۆتایی هات، حەجی گەورەی سیاسی بۆ هەولێر دەستی پێکرد، بەڵام سەردانی شاندە عێراقییەکان بۆ هەولێر لەبەر خۆشەویستیی کوردستان نییە، بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەوان لاوازن و پێویستیان بە پشتیوانیی هەولێر و بەتایبەتی بەڕێز مسعود بارزانی هەیە، کاتێکیش گەورەترین کوتلە پێکدەهێنن و حکومەتیش بە یارمەتیی کورد پێکدێنن، دەگەڕێنەوە سەر هەمان سرووشتی جارانیان، وەك بڵێی شتێك نەبووبێت، یان ڕۆژێك لە ڕۆژان سەردانی کوردستانیان نەکردبێت، ئەمەش لەلایەن جەعفەری و مالیکی و عەبادی و جبوری و کەسانی دیکەی سیاسەتوانەوە ئەنجامدرا، بەڵام پێموایە ئەم جارە شتەکە بە تەواوی جیاوازە، نابێ جارێکی دیکە ئەم هەڵەیە دووبارە بێتەوە، لەبەر هۆیەکی سادە ئەویش ئەوەی کە ریفراندۆم هەر ماوەو لەبەر چەندین هۆکاری لۆژیکی ئەنجامماندا، لە هەموویان گەورەتر پێشێلکردنی مافەکانی گەلی کوردستانە، هەر حکومەتێك پێکبهێنرێت ناتوانین پشتیوانی لێ بکەین و تێیدا بەشدار بین، ئەگەر داخوازییە

**دەوڵەتانی پێشکەوتوو فۆکس دەکەنە سەر گەلانیان و داخوازی و ئامانج و ماف و دەستکەوتەکانیان بۆ دەستەبەردەکەن لە ڕێی داد پەروەریی کۆمەڵایەتییەوە، کاتێکیش ئامانجەکانی هاووڵاتی دێنەدی، بیر لە جیابوونەوە ناکەنەوە، بەڵکو ئینتیمایان بەهێزتر دەبێت**

**مەزەندە وایە کە قۆناغی دوای هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عێراق هەستیارو دژوار دەبێت، ئەمە بریتییە لە تاقیکردنەوەیەکی قورس و ئاڵۆز بۆ هەموو هێزە سیاسییەکانی عێراق، چونکە پەرەسەندنی گرنگی ناوخۆیی هاتۆتەئاراوە، هەروەها گۆڕانکاریی زۆری دەرەکیی سەریهەڵداوە**

دەستوورییەکانی گەلی کوردستان نەیەنەدی، کە داخوازیگەلی زانراون، وەك جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و بودجە و پێشمەرگە و مووچە، دوای ڕەزامەندی لەسەر ئەم داخوازییانە، قسە دێتە سەر پۆستەکان لە دەوڵەتی عێراق. بەڕێز مسعود بارزانی گرنگیی بە پۆستەکان نادات، هەروەها لای گرنگ نییە کێ دەبێتە سەرۆك وەزیرانی عێراق، یان سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆك کۆمار، بەڵکو گەل لای ئەو گرنگە، هەندێ پێیانوایە کە بارزانی بەدوای پۆستەوەیە، بەم دواییەش بەڵگەنامەیەکی ساختە بڵاوکرایەوە، گوایە بارزانی رازی بووە کە ببێتە سەرۆك کۆماری عێراق، لەگەڵ ئەوەی کە هەموو سیاسەتوانانی عێراق دوای رووخانی رژێم هیواخوازی ئەمە بوون، بەڵام بەڕێزیان ئەوکاتە ڕەتیکردەوە، تائێستاش هەموو پۆستێك لە دەوڵەتی عێراق بۆ خۆی ڕەتدەکاتەوە، کاتێکیش رازی بوو ببێتە سەرۆك هەرێم، ئەوە لەبەر بەرژەوەندیی گەل بوو، بەو ئومێدەی خەونی مێژوویی کورد بێتەدی لەم قۆناعە ناجێگیرە، زۆریش تووڕە بوو کاتێ ماوەی ویلایەتەکەی بۆ درێژکرایەوە، دوای ئەوەی ماوەکەی کۆتایی هات، درێژکردنەوەکەی ڕەتکردەوە، چووە بەرەکانی جەنگ لەگەڵ پێشمەرگەدا، ئەو هەمیشە پێی باشە لەگەڵ پێشمەرگەدا بێت، خۆشترین کات لای ئەو ئەمەیە، چۆنکە هەر لەسەرەتای تەمەنیەوە هەموو ژیانی لەم بوارەدا بەسەر بردووە.

ئەمە دوادەرفەتە لەگەڵ بەغدا، یان لە عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراسیی راستەقینەدا دەبین، یان لە کوردستانێکی سەربەخۆدا دەژین، گەلی کوردستان لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە ملهوڕییە زۆر مەینەتی دیوە، چینی سیاسیی حوکمڕانیش لە عێراق شکستیان هێناوە، ئەگەر بمانەوێت پارێزگاریی لە یەکێتیی وڵات بکەین، ئەوا پێویستە مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ کوردستاندا بکرێت، وەك هەرێمێك کە ماف و دەستکەوتی هەبێت، نەك وەك پارێزگاکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەداخەوە هەندێ پەڕگیری سیاسەتوان لە شیعە خەریکە زاراوەی باکووری عێراق لەجیاتی هەرێمی کوردستان بەکاردێنن، دوای ئەوەی کە ریفراندۆمی مێژوویمان ئەنجامدا، تەنانەت لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا پێویستە وەك نەتەوەیەك مامەڵە لەگەڵ پەرلەمانتاراندا بکەن، نەك بە گوێرەی کورسییەکان، مامەڵەکردن لەگەڵ کورسییەکان داوایەکە بۆ زۆرینەی سیاسی، هەروەك ئەم پرەنسیپە لەگەڵ خولی سێیەمدا جێبەجێکرا، ئەمەش کێشەی زۆری لە پەرلەمان بۆ دروست کردین، بووە هۆی پەرتەوازەیی نێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، ئێمە لەئێستادا دوای قۆناغی جیاکردنەوەی دەستیین و دواتر ڕەزامەندیی لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، پاشان دەستپێکردنی گفتوگۆ بۆ پێکهێنانی گەورەترین کوتلە، ئێمە تا ئێستا بڕیارمان نەداوە لەگەڵ کێ دەبین، کێ بۆ سەرۆکی حکومەتی داهاتوو هەڵدەبژێرین، لامان گرنگ نییە کێ حوکمی عێراق دەکات، گرنگ لای ئێمە ئەوەیە کێ داواکارییەکانی گەلی کوردستان جێبەجێ دەکات، فەلسەفەی پارتی دیموکراتی کوردستان جیاوازە لەگەڵ فەلسەفەی حزبەکانی دیکەی کوردستان، ئەوەی پارتی لەسەر چوارچێوەگەلێکی نیشتمانی دامەزراوە، تایبەت بە بەدیهێنانی داواکارییەکانی گەلی کوردستان، بەڵام بە ئاشکرا دەیڵێم ئێمە بڕواو متمانەمان بە سیاسەتوانانی عێراق نەماوە، لە داڵدەدانیان وەك ئۆپۆزسیۆن و لە رووخانی رژێمدا یارمەتیماندان، هەروەها لە نووسینەوەی دەستوور و پێکهێنانی حکومەتەکان و چارەسەری کێشەو ناکۆکییەکاندا، کاتێکیش لە دەسەڵاتدا دەبن، یەکسەر لەبیری دەکەن، وەك بڵێی هیچ شتێك نەبووبێت، مەبەستم بۆ نموونە عەبادییە، ئێمە لە کاندیکردنی و پێکهێنانی حکومەتەکەیدا زۆر یارمەتی عەبادیمان دا، هاوکات لە رزگارکردنی موسڵ و لە بەرگریکردن لە کەرکووك، هەروەها لە پشتگیریکردنی دژی ئەوانەی دەیانویست متمانەی لێ وەربگرنەوە، بەڵام لە کۆتاییداو دوای ئەوەی مەرامی خۆی بەدەستهێنا، بووە سەرسەختترین دوژمنی گەلی کوردستان، لەسەردەمی ئەویشدا بوو کە بۆ یەکەم جار خوێن رژا، ئەمەش کارەساتەکەیە، ناکۆکیمان لەگەڵ مالیکیدا هەر چەندە زۆر توندیش بوو، بەڵام نەگەیشتە قۆناغی خوێنڕشتن، رۆژانی داهاتووش دەریدەخەن چی لە گفتوگۆکاندا دەگوزەرێت و ئەنجامەکەیشی چی دەبێت.

**دوای ئەوەی گاڵتەجاڕیی دواهەڵبژاردن کۆتایی هات، حەجی گەورەی سیاسی بۆ هەولێر دەستی پێکرد، بەڵام سەردانی شاندە عێراقییەکان بۆ هەولێر لەبەر خۆشەویستیی کوردستان نییە، بەڵکو هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەوان لاوازن و پێویستیان بە پشتیوانیی هەولێر و بەتایبەتی بەڕێز مسعود بارزانی هەیە**

**لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا پێویستە وەک نەتەوەیەک مامەڵە لەگەڵ پەرلەمانتاراندا بکەن، نەک بە گوێرەی کورسییەکان، مامەڵەکردن لەگەڵ کورسییەکان داوایەکە بۆ زۆرینەی سیاسی، هەروەک ئەم پرەنسیپە لەگەڵ خولی سێیەمدا جێبەجێکرا، ئەمەش کێشەی زۆری لە پەرلەمان بۆ دروست کردین**



مەحما خەلیل

قایمقامی شنگال بۆ گوڵان:

# داوا دەکەین ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کەیسی ئێزیدییەکان بە جینۆساید بناسێنێت

**دوای ئـەوەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـە فەرمـی دەسـتی بـە لێکۆڵینـەوەی جینۆسـایدی داعـش بەرامبـەر کوردانـی ئێزیـدی لـە شـنگال کـرد، کوردانـی ئێزیـدی لـە چاوەڕوانـی سـاڕێژکردنی برینـی شـارەکەیان و گەڕانـەوەی سـەقامگیری و ئارامیـن، گۆڤـاری گـوڵان لەمیانـەی دیمانەیەکیـدا لەگـەڵ مەحما خەلیل قایمقامـی شـنگال و ئەندامـی خولی پێشـووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئـەم پرسـە و چەنـد تەوەرێکـی پەیوەندیـداری تاوتـوێ کـردووە، لێرەدا پوختـەی قسـەکانی بڵاودەکەینـەوە.**

*** وەکـو قایمقامـی شـنگال تاچەنـد دەسـتپێکردنی لێکۆڵینەوەکانـی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لەسـەر جینۆسـایدی داعـش لـە شـنگال بـۆ کـورد بەگشـتی و کوردانـی ئێزیـدی بەتایبەتـی بـە گرنـگ دەزانـن؟**

- کاتێـك سـەلیم خـان نوێنـەری نەتـەوە یەکگرتـووەکان سـەردانی مەزارگـەی لالشـی کـرد و لەگـەڵ ئەنجومەنـی ڕۆحانـی ئێزیـدی و بەنـدە وەکو قایمقامـی شـەرعیی شـنگال کۆبـووەوە. ئێمـە داوامـان کـرد وەك هـەر دۆزێکـی دیکـە گرنگـی و بایـەخ بـە دۆزی ئێزیدییـەکان بدرێـت، بـە چەشـنێك ئـەم دۆزە لـە نێـو ئەنجومەنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی بـاس بکرێـت و تاوتـوێ بکرێـت و بڕیـاری لەبارەیەوە بدرێـت و پەسـەند بکرێـت، واتـە بـە جینۆسـاید بناسـێندرێت. هەروەهـا ئێمـە داوامـان کـرد کـە دادگایەکـی شـەفاف لـە هەرێمـی کوردسـتان، لـە هەولێـر بێتەدامەزرانـدن، چونکـە حکومەتـی عێـراق بـاوەڕی بـە دادگا نییـە و ڕێگـەش نـادات بەرەوپێشـچوون لـە پرسـی ئێزیـدی و مەسـیحی و شـەبەکدا بێتـەدی، بـە تایبەتـی ئـەوەی پەیوەسـت بێـت بـە جینۆسـایدکردنی ئێزدییەکانـەوە. کەواتـە ئەمـە هەنگاوێکـی گەلێـك گرنگـە، ئەگەرچـی تـا ئێسـتا ئێمـە لەسـەر ئـەرزی واقیـع هیچمـان بـەدی نەکـردووە، کـە هەڵسـەنگاندنیش لەسـەر ئـەو دەرئەنجامانـە دەکرێـت کـە لـە سـەر ئـەرزی واقیـع دروسـت دەبـن.

*** ئایا تاچەند حکومەتی هەرێمی کوردستان ئـەم کۆمەڵکوژییـە بەدیکۆمێنـت کـردووەو داتـاو زانیاریـی ڕاسـت و دروسـتی لەبـەر دەسـتدایە بـۆ هاوکاریکردنـی تیمەکانـی لێکۆڵینـەوە؟**

- لـە ڕاسـتیدا داتـاکان قابیلـی ئـەوەن گۆڕانکاریيـان بەسـەردا بێـت، هـەروەك ئێـوەش دەزانـن کـە کەیسـی ئێزیدییـەکان جینۆسـایدە بـە هەمـوو ماناکانـی ئـەم وشـەیە. چونکـە ئەگـەر ئێمـە باسـی کۆمەڵکـوژی بکەیـن، ئـەوا تـا ئێسـتا ٦٩ گـۆڕی بـە کۆمەڵـی کوردانـی ئێزیـدی لـە شـنگال و دەڤەرەکـە دۆزراونەتـەوە و زیاتـر لـە ٦٤١٧ کـەس سـەربڕاون و کـوژراون لـە نێـر و مـێ و ٣١٠٢ کەسـی دیکـەش بـێ سەروشـوێنن، هەروەهـا بەپێـی داتاکانـی نووسـینگەی سـەرۆکایەتیی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان ٣٥١٥ کـەس ڕزگارکـراون و گەڕێندراونەتـەوە، ئەمـە وێـڕای ئاوارەبوونـی ٣٦٠٠٠٠ کـەس بـۆ نـاو شـارەکانی هەرێمـی کوردسـتان و ١١٥٠٠٠ کەسـی دیکـەش وەکـو کۆچبـەر ڕوویـان لـە دەرەوەی وڵات کـردووە، تەنانـەت ئـەو ٥٢٠٠٠ کەسـەی گەڕاونەتـەوە شـنگال کـە بڕیـار بـوو قەرەبوو بکرێنـەوە، بـەڵام تـا ئێسـتاش ڕووبەڕووی ئیرهابـی فکـری و سیاسـی دەبنـەوە و تەنانـەت ئیرهابـی ئـاوەدان نەکردنـەوەش هەیـە، تـا ئێسـتا هێـزی ناشـەرعی و ناقانوونـی لـەم دەڤـەرە هـەن، وەك پەکەکـە و حەشـدی شـەعبی. هەمـوو ئەمانـە بەڵگـەن بـۆ ڕوودانـی جینۆسـاید کـە پێویسـتە بێنـە تۆمارکـردن. کەواتـە ئـەوەی پەیوەنـدی بـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتانەوە هەبێـت، ئـەوا هەنگاوێکـی گرنگـی هەڵگـرت کـە ئـەوە بـوو یەکـەم کۆنفراسـی نێودەوڵەتـی بـۆ بـە جینۆسـاید ناسـاندنی کەیسـی ئێزیدییـەکان لەسـەر دەسـتی سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و بـە هاریکاریـی تـۆڕی میدیایـی ڕووداو ڕێکخـرا، کـە

**ئەوەمان لەیاد ناچێت کە سەرۆک بارزانی بەڵێنی ڕزگارکردنی شنگالی بە ئەنجومەنی ڕۆحانیی ئێزیدییان دا و بەڵێنەکەشی بردەسەر، نابێت ئەوەش لەبیر بکرێت کە زیاتر لە ٦٠٠ پێشمەرگە لەو پێناوەدا شەهید بوون**

**هاتنی پەکەکە بووە کۆسپ و ڕێگر لەبەردەم ئاوەدانکردنەوەی شنگال و لەبەردەم گەڕانەوەی خەڵک بۆ شوێنی خۆیان، ئەم کارەشی بە هاریکاریی حکومەتی عێراق کردووە**



**پەکەکە پتر لە ٤٠٠ کچی لەو دەڤەرە بردووە و کردوونی بە چەکدار، ئەمە لە کاتێکدا خەڵکی شنگال پێی ڕاگەیاندوون کە ئەوێ شوێن و مەیدانی ململانێ و خەباتی ئەوان نییە**

پسپۆڕ و شارەزایانی نێودەوڵەتی، وەك شارەزایانی جینۆسایدی ڕواندا و ئەرمینیا و بۆسنە و هێرسك و دارفور ئامادەی بوون، ئەمە هەنگاوێكی گرنگ بوو بۆ ئەوەی ئەم كەیسە ببێتە كەیسێكی نێودەوڵەتی. هەروەها نووسینگەی سەرۆكی حكومەتی بۆ ڕزگاركردنی ئێزیدییە ڕفێندراوەكان باشترین هەنگاو بوو لەلایەن حكومەتەوە. چونكە سەرەڕای ئەوەی پێویستە ئەو كەسانە ڕزگار بكرێن، ئەوا كاتێك ڕزگاریش دەكرێن، ئەوا دەتوانن ببنە شاهێد لەسەر ڕەفتار و كردەوە دەستدرێژیكارەكانی داعش كە چۆن تەجاوزیان كردووە لەسەر شەرەف و ناموسی خەڵكی ئێمە. هەروەها ئێمە ئەوەمان لەیاد ناچێت كە سەرۆك بارزانی بەڵێنی ڕزگاركردنی شنگالی بە ئەنجومەنی ڕۆحانیی ئێزیدییان دا و بەڵێنەكەشی بردەسەر، نابێت ئەوەش لەبیر بكرێت كە زیاتر لە ٦٠٠ پێشمەرگە لەو پێناوەدا شەهید بوون. بەڵام دووپاتی دەكەمەوە حكومەتی عێراق نە لە ڕووی دەستووری و نە لە ڕووی مرۆییەوە بە ئەركی خۆی هەڵنەساوە.

*** ئایا پێشتر هیچ هەوڵێكی دەرەكی بۆ بە جینۆساید ناساندنی كۆمەڵكوژیی ئێزیدییەكان دراوە؟**

- لە ڕاستدا بڕیار بوو لە ساڵی ٢٠١٧ لیژنەی گەڕان بە دوای ڕاستیەكان (لجنة تقصي الحقائق) ڕەوانە بكرێت بۆ شنگال، بەڵام تا ئێستا ئەو شاندە نەهاتووە، بەتایبەتی بەهۆی ڕووداو و خیانەتی ١٦ی ئۆكتۆبەرەوە. هەروەها تا ئێستا حكومەتی عێراقیش هیچ هاوكارییەكی نەكردووە لەم ڕووەوە بۆ ئەوەی لیژنەی لیكۆڵینەوە بێت بۆ بەدواداچوونی كەیسی كۆمەڵكوژی و دەربەدەركردنی خەڵكی شنگال.

**حكومەتی عێراق كەمتەرخەمە لە پەیوەندی بە بەرەوپێشبردنی پرسی بە جینۆسایدناساندنی ئێزیدییەكان و ئاوەدانكردنەوە و گەڕاندنەوەی خەڵكەكە بۆ شوێنی خۆیان، ئەویش بە مەبەستی ئەوەیە گۆڕانكارییەكی دیموگرافی و جوگرافی لەو دەڤەرەدا دروست بێت**

*** باشە بۆچی حكومەتی عێراق بە ئەركی خۆی هەڵناسێت و هەموو جۆرە هاوكارییەك بۆ لێكۆڵینەوە لەم كەیسە پێشكەش ناكات، هۆكارەكەی چییە؟**

- هۆكارەكە ئەوەیە خەڵكی شنگال كورد و ئێزیدین، دواتر دەبێت ئەوە بڵێین كە بەپێی دەستووری عێراق پاراستن و بەرگریكردن لە ژیانی پێكهاتە و كەمینەكانی عێراق لە ئەستۆی حكومەتی عێراقە. دواتر هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێكرد، حكومەتی عێراق كەمتەرخەمە لە پەیوەندی بە بەرەوپێشبردنی پرسی بە جینۆسایدناساندنی ئێزیدییەكان و ئاوەدانكردنەوە و گەڕاندنەوەی خەڵكەكە بۆ شوێنی خۆیان، ئەویش بە مەبەستی ئەوەیە گۆڕانكارییەكی دیموگرافی و جوگرافی لەو دەڤەرەدا دروست بێت. چونكە حكومەتی هەرێمی كوردستان ماستەرپلانی هەبوو بۆ ئاوەدانكردنەوەی



شنگال و بۆ گەڕاندنەوەی خەڵکەکە، بەڵام ئەو ڕووداوانەی ڕوویاندا، بەتایبەتی هاتنی حەشدی شەعبی بۆ ئەم دەڤەرە ڕێگری لە جێبەجێکردنی ئەو ئاوەدانکردنەوەیە کرد، لەبەر ئەوە پێموایە لەم ڕووەوە گوناهباری سەرەکی عەبادییە، چونکە ئەوە عەبادییە کە کارناکات بۆ قەرەبووکردنەوەی خەڵکی ئەم دەڤەرە و کەسوکاری شەهیدەکانی کارە تیرۆریستییەکان و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، کە بەپێی دەستوور ئەو وەك سەرۆکی حکومەت بەرپرسیارە لە هەڵگرتنی ئەم هەنگاوانە، کەواتە پێویستە عەبادی ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی و لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن و سزادان بکرێتەوە.

***خەڵکی بەهۆی بوونی حەشدی شەعبی و پەکەکەوە ترسیان لەگەڕانەوە بۆ ناوچەکانیان هەیە. ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی چیتر پەکەکە دژی خواست و داواکاری خەڵکی و جڤاتی ڕۆحانی و یەکە ئیدارییەکانی شنگال نەبێت؟**

- من دەڵێم پەکەکە هاتە دەڤەری شنگال بۆ ئەوەی ڕێگری دروست بکات و بۆ ئەوەی جارێکی دیکە وێرانی بکات، چونکە دەستی دایە ڕفاندن و بردنی منداڵی دەڤەرەکە، ئەوا پەکەکە پتر لە ٤٠٠ کچی لەو دەڤەرە بردووە و کردوونی بە چەکدار، ئەمە لە کاتێکدا خەڵکی شنگال پێی ڕاگەیاندوون کە ئەوێ شوێن و مەیدانی ململانێ و خەباتی ئەوان نییە. بەڕاستی هاتنی پەکەکە بووە کۆسپ و ڕێگر لەبەردەم ئاوەدانکردنەوەی شنگال و لەبەردەم گەڕانەوەی خەڵك بۆ شوێنی خۆیان، ئەم کارەشی بە هاریکاریی حکومەتی عێراق کردووە.

*** باشە ئاکام و دەرئەنجامەکانی بە جینۆساید ناساندنی کەیسی ئێزیدی چی دەبێت و ئایا پێتوایە ئێوە وەك ئەنجومەنی ڕۆحانی ئێزیدی و وەك کەسایەتی و بەرپرسانی یەکە ئیدارییەکان دەتوانن داوای چی بکەن لە پاش دەرچوونی ئەو بڕیارە؟**

- ئێمە لە دوای بە جینۆساید ناساندنی ئەم کەیسە داوای ئەوە دەکەین کە ناوچەی شنگال بکرێتە ناوچەی (منزوعة السلاح) واتە ناوچەیەکی چەك لێ داماڵدراو، واتە چەکی تێدا بەکار نەهێنرێت و پەکەکە ئەو ناوچەیە جێبهێڵێت و حەشدی شەعبی لێ نەمێنێت، چونکە ئەم دەڤەرە مەیدانی کاری هیچیان نییە، بەڵکو دەبێت خەڵکی شنگال خۆیان ئەمنییەت و ژیانی خۆیان بپارێزن، کەواتە ئەمە داواکاریی خەڵکی شنگال دەبێت بۆ ئەو شاندەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە سەردانی دەڤەرەکە دەکەن.

**یەکەم کۆنفراسی نێودەوڵەتی بۆ بە جینۆساید ناساندنی کەیسی ئێزیدییەکان لەسەر دەستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە هاریکاریی تۆڕی میدیایی ڕووداو ڕێکخرا، کە پسپۆڕ و شارەزایانی نێودەوڵەتی، وەک شارەزایانی جینۆسایدی ڕواندا و ئەرمینیا و بۆسنە و هێرسک و دارفور ئامادەی بوون**

**تا ئێستا ٦٩ گۆڕی بە کۆمەڵی کوردانی ئێزیدی لە شنگال و دەڤەرەکە دۆزراونەتەوە و زیاتر لە ٦٤١٧ کەس سەربڕاون و کوژراون لە نێر و مێ و ٣١٠٢ کەسی دیکەش بێ سەروشوێنن**

# پێگەی کورد لە دوای سەرژمێریی دانیشتووانی عێراق چۆن دەبێت؟

مانگێك لەمەوبەر و لە رۆژی جیهانیی دانیشتوواندا وەزارەتی پلاندانانی عێراق ئاشکرای کرد کە ئامادەکارییەکانی بەردەوامن بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی دانیشتووان لە ساڵی ٢٠٢٠دا.

شایانی باسە یەکەم پرۆسەی سەرژمێریی دانیشتووان لە عێراقدا پێشی زیاتر لە هەشتا ساڵ لەمەوبەر ئەنجام دراوە، دواسەرژمێریی دانیشتووانیش لە ساڵی ١٩٩٧دا بەبێ بەشداریی راستەوخۆی هەرێمی کوردستان ئەنجام درا.

لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقیشەوە تا ئەمرۆ هیچ پرۆسەیەکی سەرژمێریی دانیشتووان ئەنجام نەدراوە، بەهۆی ململانێی سیاسییەوە لەسەر هەبوون، یان نەبوونی هەندێك زانیاریی نێو فۆرمی سەرژمێرییەکە.

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئاگاداری بین چەند خاڵێکە:

١- ئایا ئێمە ئامادەین بۆ سەرژمێری؟

٢- ئەو پرسیارانە کامانەن کە بەلای کوردەوە پێویستن لە فۆرمی سەرژمێرییەکەدا هەبن؟

٣- کێشەی ئاوارەکان کە بە فەرمی لەسەر پارێزگاکانی خۆیان ئەژمار دەکرێن و، پارەکەیان بۆ بودجەی ئەوێ دەچێت، کەچی خەرجییان کەوتۆتە سەر هەرێم، ئەم کێشەیە چی لێدەکرێت؟

٤- ئایا پرسیار لە نەتەوە بکرێت؟ یان مەزهەب؟ یان هەردووکیان؟ یان هیچیان؟

٥- زۆر پرسیاری دی کە پسپۆڕانی بواری ئامار باشتر دەیزانن، پێویستە لە ئێستاوە پرسیان پێ بکرێت.

وەزارەتی پلاندانان ئاماژەی بەوەش داوە کە دەتوانێت پرۆسەی سەرژمێرییەکە ئەنجام بدات، بەو مەرجەی تەواوی کێشە سیاسییەکانی پەیوەست بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ناوچە کێشە لە سەرەکان چارەسەر بکرێن و، ئەگەر حکومەت بودجەی پێویست بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی دانیشتووان دابین بکات لەکاتی پەسەندکردنی بودجەی ساڵدا.

پێشتریش هەندێك لە سەرچاوە سیاسییە باڵاکانی عێراق ئاماژەیان بەوە دەدا کە خانەی دیارکردنی نەتەوەی عەرەبی و کوردی لەسەر فۆرمی سەرژمێرییەکە دادەنرێت، هەندێك لە فراکسیۆنەکانیش داوای دانانی خانەی مەزهەبییان دەکرد، وەك خانەی سوننە و شیعە لە فۆرمی سەرژمێرییەکەدا، بەڵام هەندێکیشیان ئەم بابەتەیان بە مایەی مەترسی دادەنا بۆ چەسپاندنی مۆرکی تائیفی لە نێوان عێراقییەکاندا.

سەرەڕای ئەمەش دیارە کە لە عێراقدا هەر (١٠) ساڵ جارێك پرۆسەی سەرژمێری ئەنجام دەدراو، لە نێوان ساڵانی (١٩٢٧) بۆ (١٩٩٧) یش (٨) پرۆسەی سەرژمێری ئەنجام دراون و،



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

لە ساڵی (١٩٩٧)یشدا دواسەرژمێری کراوە، بەبێ بەشداریی هەرێمی کوردستان، واتە لە ساڵی (١٩٨٧)دا دواپرۆسەی سەرژمێریی گشتگیر بۆ هەموو سەرتاسەری عێراق ئەنجام دراوە. بۆیە تا ئێستا بە وردی نازانرێت ژمارەی راستەقینەی دانیشتووانی عێراق چەندە؟ ئەمەشە کێشە و گرفتی بۆ سیاسەتوانان و ئابووریناسان و پلاندانەران دروست کردووە لەم عێراقەی کە جەنگ و شەڕە نێوخۆییەکانی توانای لەبەر بڕیوەو، ژێرخانیشی دەیان ساڵە وێران بووە، بە جۆرێك کە بۆ هەستانەوە پلانی ستراتیژی و گەشەپێدانی گەورەی دەوێت.

هەرچەندە بەپێی خولەکانی ئامار کە هەر دە ساڵ جارێك ئەنجام دەدرێت، دەبوایە لە ساڵی (٢٠٠٧)دا پرۆسەی سەرژمێری ئەنجام بدرێت، بەڵام بە هۆی بارودۆخی خراپی ئاسایشەوە دواخرا بۆ ساڵی (٢٠٠٩) پاشان بۆ ساڵی (٢٠١٠)، دواتریش بەهۆی بارودۆخ و بە بیانووی تەکنیکییەوە دواخرا.

بۆ کورد ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێری زۆر گرنگە، بەتایبەت بۆ مەسەلەی بودجە و ماددەی (١٤٠) و ژمارەی دەنگدەران و ژمارەی کورسییەکانی هەرێم لە پەرلەمانی عێراقدا، بەتایبەت کە پرۆسەی سەرژمێری هۆکاری سەرەکیی سەرخستنی پڕۆسەی هەر هەڵبژاردنێکە لە هەر وڵاتێکدا.

بۆیە ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێری زۆرێك لە کێشەکان بەرەو چارەسەر دەبات، وەك:

یەکەم: دابەشکردنی دادپەروەرانەی بودجە بە سەر هەرێم و پارێزگاکاندا.

دووەم: ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد.

سێیەم: دانانی پلانی ئابووریی سەرکەوتوو.

چوارەم: دانانی پلانی گەشەپێدانی پێنج ساڵە یان دە ساڵە.

پێنجەم: دروستکردنی بنکەی زانیاری و داتابەیسی کۆمەڵایەتی و ئابووریی پشت پێ بەستراو.

شەشەم: دانانی ستراتیژیەتی کەمکردنەوەی رێژەی هەژاری.

حەوتەم: دروستکردنی خوێندنگە و خەستەخانە و خانووبەرە بەپێی ژمارەی دانیشتووان.

هەشتەم: زانینی رێژەی سەدیی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کۆمەڵگە.

لەبەر ئەمانەو زۆر هۆی گرنگی دیکەش، بە پشتبەستن بە ماددەی (١١٠)ی دەستووری عێراق، جێگەی خۆیەتی کورد لەگەڵ لایەنە دۆستەکانی نێو پەرلەمانیی عێراق رێکبکەوێت لەسەر وردەکاریی نێو پڕۆسەی ئامار و سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لەعێراقدا.

## کێشەکانی میدیا لە هەرێم

### بەشی یەکەم

# نەبوونی سیستمی میدیایی

دەرنجامە نەرێنییەکانی نەبوونی سیستمێکی میدیایی دیاریکراوی ناوەندی، کۆمەڵێک ئاسەواری ناباشی لە ژینگەی میدیایی و لەسەر وەرگر و تەنانەت بۆ خودی ڕاگەیاندنەکانیش دروست کردووە

میدیا ئەگەر میدیایەکی نیشتمانی و موڵکی گشتی و خەڵك بێت و حکومەت و پەرلەمان چاودێری بکەن، دەبیت فۆڕمێك، یان سیستەمێکی بۆ دابنرێت کە بتوانێت لەگەڵ کۆی سیستمە پەروەردەیی و سیاسی و کولتوورییەکەی وڵاتدا بە هاوتەریبی بڕوات و خزمەت بە هاووڵاتیان بکات و تەواوکەری ئەو سیستمانەی دیکە بێت بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئارام و ئاسوودە لەسەر بنەماکانی پێکەوەژیان و فرەیی و یەکتر قبووڵ کردن. بۆ نموونە ئەگەر سەیری هەر وڵاتێکی جیهان بکەین، دەبینین میدیا فۆڕمێکی هەیە بۆ کارکردن کە بە سیستمی میدیایی ئەو وڵاتە دەناسرێت. وڵات هەیە سیستمی میدیای حکومییە، هەیە نیشتمانییە، هەیە بازرگانییە، هەیە ناوەندییە، هەیە فیدراڵییە و...هتد، ئەمەش بە پێی یاسا بۆی دیاری کراوە کە چۆن کار دەکات و بۆردی ڕێکخستن و چاودێری هەیە.

لە هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی میدیا نیشتمان داینەمەزراندووە، بەشێك نەبووە لە سیستەمی حوکمڕانی، لە سەرەتاوە بە ڕادیۆی شۆڕش دەستی پێکردووەو دواتریش دوای ڕاپەڕین هەر حزبەو بۆ خۆی میدیای دامەزراندووە بە ئەجندا و ستراتیژی حزبی خۆی بووە و سیستمێکی گشتگیر و ناوەندی نەبووە کە لە سەرەوە بەڕێوەی بەرێت. وەك لە بەشی یەکەمیشدا باسمان کرد، نەبوونی یاسایەکی گشتیی ڕاگەیاندن و گونجاو لە ئاست ئەو گەشەسەندنەی میدیا کێشەی گەورەی دروست کردووە. واتە لە سەرەتاوە بیر لە یاسایەك نەکراوەتەوە، پێش ئەوەی میدیا وا گەشە بکات. ئەمە وای کردووە هەر میدیایەك بە ئەجندایەك، بە ستراتیژ و بە دیدگاو ڕۆئیایەکی جیاواز دروست بووە، دواتریش هاتنە ناوەوەی میدیای ئەهلی و سەربەخۆ و بازرگانی هەر لەسەر هەمان بێ بنەمایی و سیستم و یاسا دروست بوون. دەرەنجامە نەرێنییەکانی نەبوونی سیستمێکی میدیایی دیاریکراوی ناوەندی، کۆمەڵێك ئاسەواری ناباشی لە ژینگەی میدیایی و لەسەر وەرگر و تەنانەت بۆ خودی ڕاگەیاندنەکانیش دروست کردووە، لەوانە:

١. پاشاگەردانی لە ژینگەی میدیایی و



**پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

نەبوونی میدیایەکی نیشتمانی کە هاووڵاتیان کۆبکاتەوە و شپرزەیی میدیا کە هەر کەناڵێك لە گۆشەیەك و بە ئاراستەیەك کار دەکات.

٢. نەبوونی گوتار و ستراتیژ و رۆئیا و دیدگایەك لە میدیای هەرێمدا، ئەگەر کەسێکی بیانی، یان توێژەر بیەوێت بزانێت ستراتیژ و سیستم و دیدگا و رۆئیای میدیا لەم هەرێمەدا چییە، ناتوانێت دەستی بکەویت، چونکە هەر کەناڵەو بە ئاراستەیەك و بە ئەجندایەکی جیاواز کار دەکات.

٣. لاوازبوونی ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی و کولتووری و فەرهەنگی بە هۆی نەبوونی بەرهەمی خۆماڵی و نەبوونی میدیای نیشتمانی کە هەر کەناڵەو بە ویستی خۆی لە کوێ بەرهەم هاوردە دەکات، یان چۆن بەرهەمی دێنێت، رەها کراوە، بە بێ ئەوەی رەچاوی پارێزگاری لە ئینتیمای نەتەوەیی و کولتووری و فەرهەنگیی وڵات بکات.

٤. سەرلێشێوان و دابەشبوونی وەرگر لەبەر زۆریی کەناڵەکان و کۆنەبوونەوەیان لەسەر هیچ پرسێکی هاوبەش و نەتەوەیی و نیشتمانی.

٥. قەلەقیی ناسنامەی تاك و بێ تاقەتی بەهۆی زۆریی وەرگرتنی زانیاری و تێرنەبوونی لە زانیاری پێویست.

**● چارەسەرەکان**

١. دیاریکردنی سیستمێکی دیاریکراو وەك هێڵێکی گشتی بۆ کارکردنی میدیا، نەك بە مانای کۆنترۆڵکردن، بەڵکو بە مانای ئەوەی پێناسەیەك بۆ میدیای هەرێم دابنرێت، چۆن بێت؟ بۆ کێ و بۆ چی کار بکات؟ واتە دیار بێت ئەرکی چی بێت، ئەرك بسپێرێت بە میدیا لە بەرامبەر هاووڵاتی و نیشتمان و بەها کولتووری و ئایینی و فەرهەنگی و نەتەوەییەکان، ئەمانە وەك چوارچێوەیەك بن بۆ هەر جۆرە میدیایەك کە لەم هەرێمەدا هەبێت.

٢. دانانی یاسایەکی گشتی بۆ راگەیاندن کە بگونجێت لەگەڵ ئەم گەشەسەندنەی میدیادا.

٣. دیاریکردنی ستراتیژ و رۆئیا و دیدگای میدیا، چ میدیای ناوخۆیی و چ میدیای ئاراستەکراو.

**نەبوونی یاسایەکی گشتیی راگەیاندن و گونجاو لە ئاست ئەو گەشەسەندنەی میدیا کێشەی گەورەی دروست کردووە. واتە لە سەرەتاوە بیر لە یاسایەک نەکراوەتەوە، پێش ئەوەی میدیا وا گەشە بکات**